# پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەربایجان
# (١٩٤٥ - ١٩٤٦)

پ. ی. د. ئارام عەلی مستەفا
بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

توێژەر: ڕێواس فەتاح محەمەد
بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

پەرەسەندنی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد و ئازەر و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەربایجان، تێکەڵیی سنوری دەسەڵاتی هەردوولا لە ناوچەکانی ورمێ و دەوروبەری، وەک شارەکانی سەڵماس، خۆی، ماکۆ، میاندواو، تکاب و هیتر، ناکۆکی پێشینە و مێژوویی نێوان هەردوو گەلی کورد و ئازەری بەرەو هەڵکشان و داکشانی زۆرتر برد؛

هەرچەندە پەیمانی دۆستایەتی و برایەتی نێوان کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەربایجان، کە لە ٢٣ نیسانی ١٩٤٦ واژۆکرا، دانپێنانی فەرمی حکومەتی ئازەربایجانی بۆ کۆماری کوردستان مسۆگەر کرد، بەڵام ئەمە تەنیا سەربەخۆیی سیاسی بە کورد بەخشی و نەیتوانی بەرگێکی یاسایی بە بەردا بکات، بەپێچەوانەوە پرسی کوردی خستە پەراوێزی پرسی ئازەربایجانەوە بەتایبەتی لە ڕێکەوتنی نێوان تاران و تەورێزدا، کە بەبێ ئاگاداریی و بەشدارییکردنی کورد لە ١٣ حوزەیرانی ١٩٤٦دا واژۆ کرا.

**الملخص**

تطورت الحركة القومية الكردية و الآذرية بعيد اندلاع الحرب العالمية الثانية و احتلال ايران من قبل القوات الانجلو - السوفيتية، حيث أسس حزبا"الفرقة الديموقراطية الآذربيجانية" و "الديمقراطى الكردستانى – ايران"، و شكل كل من هذين الحزبين حكومة في مناطق تحت سيطرة قواتهم العسكرية، و ابرمت الحكومتان معاهدة التعاون بين جمهوريتين ذات الحكم الذاتي، و عملوا على تبادل وجهات النظر و وضع الخلافات جانبا حسب المصالح المشتركة بين حدود الجمهوريتين، الذى يبدأ من رضائية و نواحيها و غيرها.

على رغم عقد معاهدة الصداقة بين الجمهوريتين بتاريخ ٢٣ نيسان ١٩٤٦ و اعتراف حكومة الآذربيجان باستقلالية جمهورية كردستان، الا ان هذه الاتفاقية لم تمنح غير الاعتراف السياسي بالجمهورية الكردية، حيث لم تمنحها الاعتراف القانوني الدولي. هكذا ذهبت مصالح جمهورية كردستان ضحية مصالح جمهورية الآذربيجان، حيث وضعت القضية الكردية على هامش القضية الآذرية جراء الاتفاقية التي وقعت في ١٣ حزيران ١٩٤٦ بين طهران و تبريز دون حضور أو أشراك الكرد فى المفاوضات.

## Abstract

The Kurdish and Azari National Movements in the wake of the Second World War and the occupation of Iran by the Anglo-Soviet forces, which formed the parties of the Democratic Azerbaijani Party and the Kurdistan Democratic Party- Iran. These two parties formed a government in areas under their control. The two governments signed a treaty of cooperation between the two republics, and have worked to exchange views and put differences aside according to the common interests of the two republics, which are starting from the Rezaia and its environs, such as Salamas, Khoi, Maku, Miandwaw, Tikab and others.

Despite the Treaty of Friendship between the two republics of 23 April 1946 and the recognition of the independence of the Republic of Kurdistan by the Republic of Azerbaijan, this agreement was granted no political recognition by the Kurdish public, as it was not granted international legal recognition. Thus, the interests of the Kurdistan Republic went to the interests of the Republic of Azerbaijan, where the Kurdish issue was pushed aside, *because of the agreement signed on 13 June 1946 between Tehran and Tabriz* without the presence or participation of the kurds in the negotiations.


## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، بایەخی ستراتیژیی و گرنگی بۆ نەتەوەی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی پرسی کورد، پرسی گەلێکی دابەشکراو و بێبەشکراوە، هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی بەرامبەر کراوە، لەوانە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی زمان و کولتوور و هەموو مۆرکێکی نەتەوەیی. لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی و داگیرکردنی ئێران لەلایەن بەریتانیا و سۆڤێت و کەوتنی ڕەزاشاوە. هەموو ئەمانە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوە نافارسەکان، بەتایبەتی کورد و ئازەری بە گەلێک هەوراز و نشێودا برد و دۆزی کورد و ئازەری کرد بە بابەتێک لەناو هاوکێشە هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتییەکان. لەگەڵ ئەمانەشدا ئازەرییەکانی ئێران، لەبری نزیکبوونەوە لە کورد و هاوکاریی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی ئێران و دەستوەردانە دەرەکییەکان، کەمتەرخەمیی لە دژایەتییکردن و پێشێلکردنی مافەکانی کورد نەکرد. هەرچەندە دوای ماوەیەک پەیمانێکی دۆستایەتیی لەنێوانیان هەردوو حکومەتی خودموختاردا مۆرکرا، بەڵام سەرباری ئەوەی، کە ئەو نزیکبوونەوەیە بووە مایەی نیگەرانیی حکومەتی ئێران و تەنانەت دەوڵەتە گەورەکانی، وەک بەریتانیاش، بەڵام حکومەتی ئازەربایجان بە ڕێکەوتنی لەگەڵ حکومەتی شاهنشادا، نەک هەر پەیمانەکەی پێشێلکرد، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی کوردی بە قوربانی دەسکەوتەکانی خۆی کرد. هەموو ئەمانە بابەتی ئەم توێژینەوەن، کە هەوڵێکن بۆ خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو کۆمار و ڕەوشی ناوخۆیی ئەو ناوچانەی هەردوولا ململانێیان لەسەر دەکرد، لە هەمان کاتدا سیاسەتی حکومەتی ئێران و هەڵویستی یەکێتی سۆڤێت و بەریتانیا، بەرامبەر کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەربایجان.

## گرنگیی توێژینەوەکە

زۆر نووسین و توێژینەوە لەسەر کۆماری کوردستان و کوردستانی ڕۆژهەڵات لە قۆناغی داگیرکاریی سوپای سۆڤێتی و بەریتانی لە سەردەمی جەنگیی جیهانی دووەمدا هەن، بەڵام بەتایبەکاری هەڵوێستەیان لەسەر پەیوەندییەکانی گەلی کورد و ئازەر لە ئێران، هەروەها هەلومەرجی دەرکەوتنی کێشەکان و ڕەگوڕیشەی هۆکارە ڕاستەقینەکانی دەرکەوتنی ئەو کێشانەی نێوانیان و کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی هەردوو گەل و کۆمار نەکردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە بابەتییانە و بەپشتبەستن بە سەرچاوەی ئەکادیمیی و زانستی بە زمانی جیاواز، پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان و هۆکارە ڕاستەقینەکانی پشت دەرکەوتنی ململانێی نێوانیان و ڕۆڵی دەرەکی و کاریگەریی لەسەر ئەو پەیوەندییانە و چارەنووسی هەردوو کۆمار دەربخات.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

بە ڕەچاوکردنی بواری زانستی بابەتەکە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە، ڕێبازی وەسفیی مێژوویی و شیتەڵکاریی پەیڕەوکراوە؛ سەرەتا باسی ڕووداوە مێژووییەکان کراوە، بە لەبەرچاوگرتنی کات و شوێنی ڕووداوەکان، شیکردنەوەی بابەتییان بۆ کراوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕووداو و بۆچوونەکان بەڵگەنامە بەکارهاتووە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لە پێشەکی، دەروازە، سێ باس و حەوت تەوەر ، پوختە و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە :

باسی یەکەم: دامەزراندنی حکومەتی ئازەربایجان و باروودۆخی ناوچە کوردنشینییەکانی ئازەربایجان؛ باسی دووەم: دامەزراندنی کۆماری کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان؛ باسی سێیەم: ڕێکەوتنی نێوان کۆماری و حکومەتی ئازەربایجان و هەڵویستی حکومەتی ئێران

**دەروازە**

دوای هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان، ئێران لە ١٤ ئەیلولی ١٩٣٩دا بێلایەنیی خۆی لە جەنگەکەدا ڕاگەیاند،(عبدالرحمن، ١٩٨٨: ٢٤٧) هەرچەندە ڕەزاشا وای نیشاندا، کە دەیەوێت بەشێوەیەکی هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ هەردوو بەرەی جەنگدا بکات، بەڵام لە ڕاستیدا حکومەتی تاران مەیل و ئارەزووی پتر بە ئاڕاستەی ئەڵمانیای نازیی بوو، چونکە ڕەزاشا لەو باوەڕەدا بوو، کە داهاتوو بۆ ئەڵمانیا دەبێت. شایانی باسە، کە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەڵمانیا بە ڕادەیەک بەهێز و فرەلایەنە بوو، کە لەناو ئێراندا تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٣٩، ٣ – ٤ هەزار ئەڵمانی خاوەن چەندین پۆست و پلەی باڵا هەبوون، کە پتر لە پەنجا دامودەزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و بازرگانی و پیشەسازییان بەدەستەوە بوو.(الاحبابي، ١٩٨٩: ١٤٠)

لەلایەکی ترەوە، کاتێک ئەڵمانیا لە ٢٢ حوزەیرانی ١٩٤١دا هێرشی بۆ سەر یەکێتی سۆڤێت کرد، ئەمریکا و بەریتانیا بە مەبەستی بە هاناوەچوونی سۆڤێت و گەیاندنی کۆمەک بەو وڵاتە، پێویستیان بە ڕێگایەکی کورتی وەک ئێران بوو، کە شوێنیکی ستراتیژیی و ئاسانیش بوو، بەشێوەیەک کە دەیانتوانی لە هەر چوار وەرزی ساڵدا کەڵکی لێ وەربگرن و بتوانن کەرەستەی جەنگ بۆ سنوورەکانی سۆڤێت بگەیەنن.(مەدەنی، ١٣٨٠ هـ: ١٦١)

لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنی لە ١٢ تەموزی ١٩٤١ لەنێوان یەکێتی سۆڤێت و بەریتانیا پرسی ناردنی کۆمەکەکانی بەریتانیا بەرەو یەکێتی سۆڤێت چووە بواری جێبەجێکردنەوە، لە ١٩ تەموزی ١٩٤١ سۆڤێت و بەریتانیا دوو پێشنیاریان ڕادەستی ئێران کرد و ئاگاداریيان کردەوە، کە مانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئەڵمان لە ئێران جێگەی مەترسین و هیچ هۆکارکی برواپێهێنەر بۆ مانەوەیان لە ئێران لە ئارادا نەماوە، بەڵام ڕەزاشا پشتی لە داواکارییەکانیان کرد، بۆیە هەردوو دەوڵەت لە ١٦ی ئابی ١٩٤١ دوو بیرخەرەوەی تریان ڕادەستی حکومەتی تاران کرد و دەرکردنی ئەڵمانەکانی ئێرانیان لە پێش ئابی ١٩٤١ دووپات کردەوە.(Ki,1972: 24) بەڵام جارێکی تر حکومەتی ئێران بێ ئومێدی کردن،

ئەوانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سەرەکییەکان بڕیاری داگیرکردنی ئێرانیان دا.(Eshroghi,1984: 27 )
لەشکرکێشیی یەکێتی سۆڤێت و بەریتانیا بۆ سەر خاکی ئێران لە بەرەبەیانی ٢٥ ئابی ١٩٤١ دەستی پێکرد، لەشکری سور لە باکورەوە بە ئاڕاستەی تەوریز و بەندەری پەهلەوی، تا ناوچەی سنووریی نێوان تورکیا و ئێران پێشڕەوییان کرد،(مهدوی،١٣٧٥ ش: ٦٩ ،٢٠٠-٧١؛) لە باکوری ڕۆژهەڵاتیشەوە بەرەو مەشهەد ڕۆیشتن و دوای بۆردومانێکی چڕی تەوریز، قەزوین و بەندەری پەهلەوی، لە ماوەی کەمتر لە سێ ڕۆژدا توانیان سوپای شاهنشایی تێکبشکێنن. هاوکات سوپای بەریتانیا لە دوو قۆڵەوە هاتە ناو ئێران، سەرەتا لە باشورەوە لە سنوری نێوان عێراق و ئێرانەوە بە ئاڕاستەی موحەمەرە و دامەزراوە نەوتییەکانی ئێران لە عەبادان، لە قۆڵی دووەمیشەوە لە ڕۆژئاوای ئێران لە خانەقینەوە بەرەو کرماشان و هەمەدان پێشڕەوییان کرد.(الصباغ، ٢٠٠٠: ٢٤٣) هێرشی بەریتانیا بۆ سەر هێزی دەریایی ئێران لە خورەمشەهر، بوو بە هۆی نقومبوونی سەرجەم کەشتیە ئێرانییەکان و زیانێکی گەورەی گیانی وماڵی بە سوپای شاهنشایی گەیاند و توانیان لە ماوەی تەنیا سێ ڕۆژدا کۆتا خاڵی بەرگریی سوپای ئێران تێکبشکێنن. شایەنی باسە، کە ونستون چەرچڵی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ئامانجەکانی بەریتانیا لە داگیرکردنی ئێران و هۆکارەکانی بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان، داگیرکردنی ناوچە ستراتیژییەکان و دەستەبەرکردنی ڕێگایەکی هاتوچۆ و پەیوەندی لەگەڵ سۆڤێت، پاراستنی هێڵەکانی هاتوچۆ و گواستنەوە لەگەڵ کەنداوی عەرەب و دەرکردنی سیخوڕەکانی ئەڵمانیا دەگەڕێنێتەوە.(تقرير القنصلية الملكية العراقية في كرمنشاه، ١٩٤١: ٤-٧) لەشکرکێشیی هاوپەیمانان بۆ سەر ئێران لە ئابی ١٩٤١دا ئاکامێکی کاریگەر و گرنگی لێکەوتەوە، هەڵوەشاندنەوەی سوپای شاهنشایی و لادان و دوورخستنەوەی ڕەزاشا گرنگترین ئەو ڕووداوانە بوون، کە تەواوی هاوکێشە سیاسی و هەرێمایەتییەکانی ئێرانی گۆڕی و قۆناغێکی نوێی لە ژیانی سیاسی هێنایە کایەوە، کە بە گۆڕانکاریی زۆر و قەیرانی جۆراوجۆر دەناسرێت. (ولبر، ١٩٧٥: ١٢١- ١٢٢) گرنگترین گۆڕانکاریی ناچارکردنی ڕەزاشا بوو بە وازهێنان لە دەسەڵات و بۆ کوڕەکەی لە ١٦ ئەیلولی ١٩٤١دا.

ئەو بارودۆخە نوێیەی بە هۆی داگیرکاریی ئەنگلۆ – سۆڤێتەوە لە ئێران هاتە کایەوە، دەرفەتێکی باشی بە خەباتی نەتەوایەتی کورد لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بەخشی، تا برەو بە خەباتیان لەپێناو مافە سیاسی و نەتەوەییەکەیان بدەن. هەر بە بیستنی هەواڵی هاتنەناوەوەی سوپای هاوپەیمانەکان، پەلاماری بنکە و بارەگاکانی لەشکر و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمیان دا و لە چەک دایان ماڵین، دەرفەتیان قۆستەوە و بۆ ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە. (الدوسكي،٢٠٠٥: ٣٢)

لەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی سۆڤێت لە باکوری کوردستان، بۆشایی بێ حکومەتیی پەیدابوو، سۆڤێت هەوڵی بۆ سەقامگیرکردنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان و ئازەربایجان دەدا، بە هەموو جۆرێک دژی گەڕانەوەی سوپای ئێران و جموجۆڵی سەربازییان وەستایەوە و چالاکیەکانی سڕکردن، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ کورد بۆ فراوانکردنی بازنەی چالاکیە سیاسییەکان ڕەخساند.(مەدەنی،١٣٨٩هـ: ١٨٩)

لە ناوچەکانی نێوان هێزەکانی بەریتانیا و سۆڤێتدا، خێڵە کوردەکان توانیان کاروباری خۆیان بەدەستەوە بگرن، (ڕۆژڤلْت،١٩٨٨: ٥) بۆیە ئەفسەرە سۆڤێتیەکان و نوێنەرە سیاسییەکانیان، کە لە تەوریز و ورمێ کاربەدەست بوون، لەوە تێگەیشتبوون، کە پێویستیان بە پەیوەندی پتەوتر لەگەڵ کورد هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی یەکگرتوو، ناکۆکی و ململانێی نێوان سەرۆکخێڵ و ئاغا و شێخەکان، دیارییکردنی نوێنەری کورد بۆ گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ سۆڤێت کارێکی ئەستەم بوو، بەتایبەتی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی ئەو دەمە و بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی. دواتر بەرپرسانی سۆڤیت لەگەڵ ئەو کەسانەی خاوەن

پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕووناکبیری، یان لە باری خێڵەکییەوە خاوەن هەژموون بوون کەوتنە پەیوەندییگرتن. بەم چەشنە نوێنەرانی سۆڤیت دوای چەند سەردانێکیان بۆ مەهاباد، لە تشرینی دووەمی ١٩٤١دا دەستەیەکی ٣٠ کەسی لە سەرۆک خێڵ و ئاغا و نوێنەری چین و توێژە جیاوازەکانی مەهاباد بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد بۆ باکۆ بانگکرد.(مستەفا،٢٠٠٧: ٤٨) شاندی میوان، کە لەلایەن سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانی سۆڤێتەوە هاوڕێیەتی کرا، و لە لایەن باقرۆڤی سەرحکومەتی ئازەربایجانی سۆڤێتەوە پێشوازیی لێکرا.(رسول، ٢٠٠٨: ١٩٧-١٩٨؛ مەحمود،٢٠٠٦: ٣٦)

**باسی یەکەم: دامەزراندنی حکومەتی ئازەربایجان و بارودۆخی ناوچە کوردنشینییەکانی ئازەربایجان**

**١:١ دامەزراندنی حکومەتی ئازەربایجان**

پاش ئازادکردنی تەواوی ناوچەکانی ئازەربایجانی ئێران و وەدەرنانی هێزە نیزامییەکانی ئێران، دیموکراتەکان لە ١٩٤٥/١٢/٢١دا یەکەم ئەنجومەنی نیشتیمانییان لە ئازەربایجان دامەزراند. ئەنجومەن، کە لە ١٠١ ئەندام پێکهاتبوو، سەرۆکایەتی حکومەتی ئازەربایجانی خودموختاریی بە جەعفەر پیشەوەری سپارد.(ئەحمەد، ١٣٦٩هـ: ٩٣)

عەبدولڕەحمانی قاسملو سەبارەت بە کار و هەنگاوە پێشکەوتووەکانی حکومەتی ئازەربایجان دەڵێت:"حکومەتی ئازەربایجان هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە، کاری بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان جوتیار و موڵکدار و خاوەن زەوی دەکرد، وەک دابەشکردنی ٢٦ هێکتار بەسەر ٢١٠ هەزار جوتیاردا، بە مەبەستی پەرەپێدانی ئابووری کارگەیەکی بۆ پیشەسازی مافور دامەزراند، کاتی کاری ڕۆژانەی کرد بە ٨ کاژێر، هاوکات بایەخی تایبەتی بە لایەنی ڕووناکبیری و فەرهەنگیی دا و، جگە لەوەی زانکۆیەکی حکومی کردەوە، ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە و فێرگەی کردەوە و لە ڕێگەی تیمێکی تایبەتەوە هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە گوندەکاندا دا، بایەخی تایبەتی بە لایەنی هونەری و فێرگەی هونەری شانۆیی داوە و تیپی مۆسیقای دامەزراندبوو. شایەنی باسە ئەو کاتەی حکومەتی ئازەربایجان ئەنجامی دابوو، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بژێوی ژیان و گوزەرەانی خەڵک کردبوو".(قاسملو،٢٠٠٦: ٨٨)

حکومەتی ئازەربایجان بەرنامەیەکی بیست خاڵی ڕاگەیاند، کە لە هەندێک خاڵدا، وەک خاڵی (١٩) پێداگریی "لە یەکسانی مافی هاووڵاتیانی دانیشتووی ئازەربایجان" کردبوو، هاوکات لە ڕۆژنامەی(ئازەربایجان)، ئۆرگانی فەرمی حیزب و حکومەت، لەژێر ناونیشانی "بڕیارەکانی حکومەتی ئازەربایجان" لە خاڵی (٨)دا دەڵێت: "گەلانی تر، کە لە ئازەربایجان دەژین، مافی ئەوەیان هەیە کاروباری خۆیان بە زمانی زگماکی خۆیان بەڕێوەبەرن، بەڵام دەبێ نووسراو و ڕاگەیاندنی فەرمییان بە زمانی ئازەری، وەک بە زمانی فەرمی دەوڵەتیی و زمانی نەتەوەیی خۆیان بێت".(هەورامی،٢٠٠٦: ٢٤٦)

دوای ئەوەی لە ١٢ کانونی یەکەمی١٩٤٦دا حکومەتی ئازەربایجان دامەزرا، وەک هەنگاوی یەکەم سوپایەکی بەهێزی لەو کەسانە دروستکرد، کە خۆبەخشانە هاتنە ناو ڕیزەکانی سوپاوە، چ خەڵکی ئازەربایجانی ئێران بوون، یان ئەو سەرباز و کۆچەرانەی لە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە هاتبوون. سوپای تازە پێکهاتوو ناوی فیدایی لێنرا، کە ژمارەیان لە ١٠ هەزار کەس تێپەڕی دەکرد، لە هەمان کاتدا نزیکەی ٧٠-١٠٠ هەزار کەسی تریش ئامادەی چەکهەڵگرتن بوون، هەموو ئەمانە لەژێر فەرماندەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا بوون.(ڕەمەزانی و هیتر ٢٠١٢،: ٢٥)

لەشکری فیدایی ئازەرییەکان بە هاوکاری حیزبی تودە، جارێکی تر کەوتەوە خۆڕێکخستن و دروستکردنی چەند لیژنەیەکی ناوەندیی و سەرکردایەتی هەرێمیی و ناوچەیی، دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان حیزب و لەشکر لە ڕێگای

کۆمەڵێک ئەفسەری سیاسییەوە، کە تا ڕووخانی کۆمارەکە ژمارەیان گەیشتە ٣٠ ئەفسەر. ئەرکی ئەوانەی لە سۆڤێتەوە هاتبوون.(ڕەمەزانی و هیتر ٢٠١٢: ٢٥-٢٦)

**١:٢ بارودۆخی ناوچە کوردنشینییەکانی هەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان**

ناکۆکییە مێژووییەکانی نێوان کورد و ئازەرییەکان، ناکۆکییەکی جوگرافیی و لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە دروستبتبوو، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی، کە هەردوو نەتەوە پێکەوە تێیدا ژیاوە.(سابیر،٢٠١١: ٨٩) هاوکات هەوڵەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بەتایبەتی ڕژێمەکەی ڕەزا شا بۆ قوڵکردنەوەی دووبەرەکی نێوان هەردوولا ڕۆڵی گەورەی بینی. ساڵی ١٩٣٨ یاسایەک بۆ دابەشکردنی ئێران بۆ چەند مەڵبەندێکی کارگێڕیی دەرچوو، کە بە مەبەستی پەرتکردن و هەڵاواردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان بوو، ئەم دابەشکردنە نوێیە بە هیچ جۆرێک لایەنی نەتەوەیی و پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئەم نەتەوانەی ڕەچاو نەدەکرد، بە گوێرەی ئەم یاسایە مەهاباد و دەوروبەری لە ڕووی کارگێڕییەوە خرانە چوارچێوەی ئازەربایجان، ئامانج لەمەش دابڕینی ئەم ناوچە گرنگە لە ناوچەکانی تری کوردستان بوو.(البکاء،٢٠٠٢: ١٨٦)

ئەم دابەشکاریی و تێکەڵکردنە هەر لە سەرەتاوە بوو بە خاڵی ناکۆکییان و وەک ڕۆژفڵت دەڵێت:"زۆربەی دانیشتوانی تەختاییەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و بەشی باکوری شاری ورمێ تا شاری ماکۆ تورکی ئازەری بوون، بەڵام لەسەر گشت ئەو تەپۆڵکانەی، کە دەیانڕوانی بەسەر تەختاییەکانی ناوچەکەدا خێڵی کورد دەژیا، هەروەها دانیشتوانی میاندواو، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەری پێکەوە تێدا دەژیان، بۆیە هەردوو دەسەڵاتی مەهاباد و تەورێز، وەک یەک چاویان بڕیبووە ئەو ناوچانە و پاشان بوو بە هۆی ناکۆکی هەمیشەییان.(ڕۆژڤلت،١٩٩٨: ٢٤٢ – ٢٤٣)

حکومەتی ئێران، بە بەردەوامبوون لەسەر هەمان ڕێچکەی پێشوو، ساڵی ١٩٤٢ بۆ دەستەبەسەرداگرتنی شاری ورمێ، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، بە ئامانجی تێکدانی هاوسەنگی دیمۆگرافی شارەکە و قوڵکردنەوەی ناکۆکییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و دروستکردنی کێشەی زەویوزار بەتایبەتی لەو شارانەی هەردوو گەلی کورد و ئازەری تێدا پێکەوە دەژیان، گروپێکی میلیشیایی لە شیعە ئازەرییەکان دروستکرد.(اتابکی، ١٣٧٦ ش.: ١٦٣)

لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوو گەلی کورد و ئازەری هەلومەرجێکی هاوبەشیان هەبوو، کە خەباتکردنیان بوو دژی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، لەو چوارچێوەیەدا دەبوایە هەماهەنگی یەکتر بوونایە، بۆ نموونە لەمیانەی سەردانی دووەمی شاندی کورد بۆ باکۆ، باقرۆڤ داوای پشتیوانی و هاوکاریی کوردی بۆ حکومەتی خودموختاری ئازەربایجان و پیشەوەری کردبوو،(اتابکی،١٣٧٦ ش.: ٤٣٩) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باقرۆڤ ویستبووی داواکاریی کورد کەمبکرێتەوە و کورد ببن بە بەشێک لەو ئۆتۆنۆمیەی ئازەربایجان، بەڵام قازی محەمەد داوای سەربەخۆیی بۆ کورد کردبوو، پێکهاتنی دەسەڵاتێکی هاوشێوەی دەسەڵاتی حکومەتە خودموختارییەکەی ئازەربایجانی بە مافی ڕەوای کورد دانابوو.(سابیر،٢٠١١: ٩٠)

وێڕای پێداگیرییەکانی قازی محەمەد لە مافی خۆڕیبەریی، کەچی لە کاتی ڕاگەیاندنی حکومەتی ئازەربایجان و کۆمارەکەی لە کانوونی دووەمی ١٩٤٥ پشتیوانیی و دانپێدانانی خۆی بۆ دەسەڵاتەکەی ئازەربایجان ڕاگەیاندبوو، شاندێکی پێنج کەسیش بە سەرۆکایەتی محەمەد حسین سەیفی قازی ڕەوانەی تەورێز کرد.(ایغلتن،٢٠١٢: ١٠٧) دوای چەندین دیدار و گفتوگۆی چڕ و پڕ لەنێوان شاندی کوردی و پیشەوەری و بەرپرسانی تری ئازەربایجان، هەردوولا پشتیوانیی و هاوکاریی خۆیان بۆ یەکتر دووپات کردبووەوە و لە هەمان کاتدا شاندی کوردی هیوای خواستبوو، کورد

بتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەنجومەنی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بە هەمان شێوەی ئەو ئەنجومەنەی لە ئازەربایجان دامەزرابوو.(ایغلتن،٢٠١٢: ١٠٧-١٠٨)

وێڕای بەشدارییکردن لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی حکومەتی ئازەربایجان، کورد بە پێنج نوێنەر لە کۆی ١٠١ نوێنەری ئەنجومەنی ئازەربایجان بەشداری لە دەسەڵاتە تازە پێکهاتووەکەی ئازەربایجان کرد، بەڵام هەر زوو بۆیان ڕوونبووەوە، کە ئازەربایجان نایەوێت ئەوان وەک نوێنەری کورد بناسێت، وهەوڵدەدات هیچ دەسەڵاتێکیان پێ نەدات، نوێنەرانی کورد، کە ئەوەیان بینی، بۆ مەهاباد گەڕانەوە.(کینان،١٣٧٢ ش.: ١٣٣)

بەو چەشنە لە ماوەی نێوان پێکهاتنی حکومەتەکەی پیشەوەری تا دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ناکۆکییەکانی نێوان کورد و ئازەر گەیشتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە. قازی محەمەد لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦ هەموو کارمەندە ئازەرییەکانی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری دەرکرد، هاوکات کرێکارانی کارخانەی قەندی میاندواو لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمدا، نەیانهێشت قەند و شەکر ڕەوانەی تەورێز بکرێت. (بورزوویی،٢٠٠٥: ٤١٠)

بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا پێی نایە قۆناغێکی پڕ لە کێشە و توندوتیژیی، کە کێشەی دیارییکردنی زەوی و سنوری دەسەڵاتی هەردوولا بوو، دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان دژی ئەوە بوون، ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ، میاندواو، سەڵماس، خۆی و ماکۆ ببنە بەشێک لە قەڵەمڕەوی کۆماری کوردستان، ئازەرییەکان ئەم ناوچانەیان بە بەشێک لە خاکی ئازەربایجان دادەنا، بە بیانووی ئەوەت کە زۆرینەی ئەو ناچانە ئازەریین، هاوکات کوردیش دەیووت، کە دانیشتوانی دەوروپشتی ئەو شارانە کوردن، ناوچەکەش هەر لە کۆنەوە هی کورد بووە، ئەگەرچی لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ئوستانی ئازەربایجان بوو.(مەلا عززەت، ٢٠٠١: ٢٩٩)

لە لایەکی ترەوە لە ڕاپۆرتی جێگری کونسوڵی سۆڤێت لە ماکۆ سەلۆمین، باس لەوە کراوە، کە حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران(حدکا) لە مەهاباد هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکانی ماکۆ، خۆی، جەلالی، دیلان و زیلان نەکردووە، ئەم عەشیرەتە کوردانە ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوون، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حکومەتە خودموختاریەکەیشی هیچ بەشداریەکیان بە کوردەکان نەکردووە، چ لە پارتەکەیان، یان لە حکومەت و دەسەڵاتدا، بە بیانووی ئەوەی کورد خۆیان پارت و حکومەتیان هەیە، هەرچەندە پێنج کەس لە پیاوە ناودارەکانی ناوچەکە لە کۆمیتەی ناوەندیی (حدکا) بوون، بەڵام چالاکییان لاواز بوو، بەگشتی کوردی ئەو ناوچانە لە بەشدارییکردنی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەشکراو بوون، کوردەکانی ئەو ناوچانە لە هەڵسوکەوتی فیرقەی دیموکرات و حکومەتی ئازەربایجان نائومێد و ناڕازی بوون، چونکە ئازەربایجان گرفتی بۆ هاتوچۆی کورد نێوان خۆی و مەرەند دروستکردبوو، بۆ چارەسەری گرفتەکەش لە ٣١ کانونی یەکەمی ١٩٤٥ سەرانی خێڵە کوردەکان لە گوندی بابول بە بەشداری هەریەکە لە شێخ عەبدولقادر و شێخ حەسەن، کە ڕێبەری هۆزی جەلالی و ئەندامی کۆمیتەی (حدکا) بوون، عەبدول ئاغاجانی قارەمان، کە ڕێبەری عەشیرەتی دیلان و ئەندامی کۆمیەتی ناوەندی بوو، حەیدەر ئاغای حەیدەری ڕێبەری عەشیرەتی میلان، عەمو ئاغای عەمویی ڕێبەری تایفەی عەمویی و ئەندامی ناوەندی حدکا بوو، جگە لە کەسانی ناوبراو، پتر لە ٥٠ کەسی هۆز و خێڵە کوردەکان بەشداری کۆبوونەوەیان کرد، دوای گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوە، کۆمەڵێک بڕیاریان دابۆ ڕوونکردنەوەی پرسیارەکانیان و بەدەمەوەچوونی داواکارییەکانیان، هەردوو ناوداری کورد سەید عەبدولوەهاب و سەلۆ ئیسماعیل بۆ مەهاباد بنێرن.(هەورامی،٢٠٠٨: ٢٧-٢٨)

لە ڕاپۆرتێکی کونسوڵگەریی بەریتانیا لە تەورێز، باسی سەردانی کۆمەڵێک کوردی جەلالی بۆ مەهاباد کراوە، کە بە ماکۆدا تێپەڕیوون و لەسەر ڕێگای چوونیان لە گوندە موسڵمانەکانی ناوچەکە کۆکراونەتەوە و کارتی ئەندامێتی فیرقەی دیموکراتیان فڕێداوە و وتویانە، کە پێویستە کارتی ئەندامێتی (حدکا)یان بدرێتێ، وەک چۆن لە ورمێ، ماکۆ، خۆی، سوڵدز، مەهاباد و میاندواویش هەر وابووە، کورد داوای شاری میاندواویان کردبوو. لە لایەکی ترەوە، ئەگەری ئەوە هەبوو، کە دەستی کورد گەیشتبێتە شاری ئازەرشەهریش، کە ٤٠ میل لە باشوری ڕۆژئاوای تەورێز لەسەر ڕێگای میاندواوەیە، لەوێ وەرزێران بە مووچەی ١٠٠ تمەنی بۆ پێکهێنانی هێزی سوپای کوردی ئامادەکران.(سوڵتانی،٢٠٠٥: ١٩٦)

**باسی دووەم: دامەزراندنی کۆماری کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان**

**١:٢ دامەزراندنی کۆماری کوردستان**

سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئازەری پاش کۆنترۆڵکردنی ئازەربایجان بە شاری تەورێزیشەوە لەلایەن فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە، خۆبەدەستەوەدانی هێزە نیزامییەکانی تەورێز و ورمێ و ڕێکەوتنی جەنەراڵ درەخشانی لەگەڵ پیشەوەری، داگیرکردنی تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەت و پۆلیس و ئاسایش و پادگاکان، پێکهاتنی ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان و ڕاگەیاندنی حکومەتی ئازەربایجان لە١٢ کانونی یەکەمی ١٩٤٥، هەموو ئەمانە بۆ ئاراستەکرنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ڕێبەرانی، هۆکار و پاڵنەری هەژێنەر بوون، کە خۆیان بە هاوخەباتی گەلی ئازەری دژی دەسەڵاتی ستەمکار و داپڵۆسێنەری شاهنشایی دەزانی. لە هەمان کاتدا مێژووی پڕ لە کێشە و گیروگرفتی قوڵ و ناکۆکی نەتەوەیی و زمان و تەنانەت مەزهەبگەرایی، هۆکارێکی تر بوون، کە مایەی گومان و دوودڵیی کورد لەم دەسەڵاتە تازە پێکهاتووەی ئازەربایجان بوون. (سەردەشتی،٢٠٠٣: ١٤٥)

لە ئاستی ناوخۆی کوردستانیش، بارودۆخەکە تا ڕادەیەکی باش بۆ برەودان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد هاوکار بوو، وەک دروستبوونی (حدکا) بە ڕێبەرایەتی قازی محەمەد، کە تا ڕادەیەکی باش لە یەکخستن و کۆکردنەوەی ماڵی کورد و لە ئامێزگرتنی چین و توێژە جیاوازەکان و یەکخستنەوەی هێز و باڵە جیاوازەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرکەوتبوو، بەهۆی پەیڕەو و پرۆگرامە گشتگیر و فرە جەمسەرەکەیەوە توانیبووی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەو سەردەمە دوور لە کێشمەکێشی عەشیرەتگەرایی و جیاواز لە ڕق و کینەی مەزهەبگەرایی ڕەوتی ناسیونالیستی کوردی پێش بخات.(سەردەشتی،٢٠٠٣: ١٤٥-١٤٦)

دوای دەستبەسەرداگرتنی تەورێز، قازی محەمەد بڕیاری ئازادکردنی ئەو ناوچەیەی دا، کە زۆر دەمێک بوو سەربەخۆ بوو، لە ١٥ کانونی یەکەمی ١٩٤٥ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان بە ئامادەبوونی چەندین سەرۆک هۆز و لێپرسراوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفا و سێ ئەفسەری سۆڤیتی، قازی محەمەد بە شکۆمەندییەوە ناوی لە کۆماری کوردستان نا (مەلا عززەت، ٢٠٠١: ١٤٨ – ١٥٤) و بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی دا و سیانزدە ئەندامی بۆ دیارییکرد، لە ٢٢ کانونی دووەمی ١٩٤٦دا پێشەوا قازی محەمەد وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، سەیفی قازی ئامۆزای بوو بە وەزیری جەنگ، هەروەها پلەی جەنەراڵ بە سەیفی قازی، مەلا مستەفا، عومەرخانی شکاک، حەمە ڕەشیدخانی بانە و زیرۆبەگی هەرکی بەخشرا.(دیشنەر،٢٠٠٥: ١٧٢)

ئەنجومەنێکی نیشتیمانی هەڵبژێردرا، کە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژە جیاوازەکان بکات، بەڵام دەسەڵاتی یاسادانانی نەبوو، بەڵکو یاسادانان لە ئەستۆی حدکا بوو، هەر جۆرە بڕیارێکی پێویست، کە لەلایەن دەسەڵاتی

جێبەجێکردن و ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربچوایە و سەرۆکوەزیران واژۆی بکردایە، ئەو بڕیارە شەرعیەتی یاسایی وەردەگرت، هەروەها دەسەڵاتی دادوەری بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی دادگای باڵا و وەزارەتی داددا بوو.(عومەر باڵەکی،٢٠١٦: ٣٠)

کۆماری کوردستان، کە بە هاوکاری سۆڤێت دروستبوو، هەرچەندە زۆر کورتخایەن بوو، بەڵام زۆربەی چین و توێژە جیاوازەکان بەشدارییان تێدا کرد،(علی، ٢٠١٤: ٨٩؛ یەرپە،٢٠٠٥: ١٣) هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی چالاکیەکانەوە، وەک حکومەتێکی جیاواز و سەربەخۆ لە دەوڵەت و کۆمەڵگای ئێرانی خۆی دەرخست، لێکدانەوەی ستروکتور و پێکهاتەی کۆماری کوردستان، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو کاتە و چۆنیەتی گەشەکردنی ناسیونالیزمی کوردی بوو. دوو تایبەتمەندی ئەو سیستەمە بریتی بوو لە یەکبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی حیزبیی لە هەموو دامەزراوەکانی ئەو حکومەتەدا، هاوکات هەموو وەزیرەکانی کابینەکە بەبێ هیچ هەڵبژاردنێک لە خەڵکی مەهاباد و ئەندامانی حدکا و سەر بە چینی ناوەندیی شارنشین بوون، بە واتایەکی تر ناوەندی شاری مەهاباد بوو بە سەنتەر و جەقی ناسیونالیزمی تازە لەدایکبووی کوردستانی ئێران و قەوارەی کۆماری کوردستانیان پێکهێنابوو.(بورزوویی،٢٠٠٥: ٤١٥)

پێکهێنانی لەشکری میللی کورد ئەزموونێکی پڕ بایەخی کۆمار بوو، کە لەلایەن پێشەواوە پێشنیارکرا، دیسپلین و ڕێکخستن دوو نموونەی ئەو تایبەتمەندییانەن، کە کورد پێی نامۆ بوو، هەرچەندە ئەزمونی جەندرمەی ئێرانی پێش چەند ساڵێک بۆ دامەزراندنی ژمارەیەک کورد وەک بەشێک لە هێزی ڕێکخراو، ئەوەی سەلماندبوو، کە کورد لە جێبەجێکردنی فەرمان و کاری تایبەتدا زۆر باشن، بەڵام لە دیسپلیندا شارەزا نەبوون، بۆیە قازی محەمەد کاتێک زانی هێزی پێکهاتوو لە شارنشینەکان، نەک چەکداری خێڵەکان باشتر لەگەڵ دیسپلین و ڕێکخستندا دەگونجێت، سوپاکەی زیاتر لە کوردانی شارنشین و گوندنشینانی ئاسوری لەگەڵ تێکەڵەیەکی کەمی کوردی خێڵەکان بۆ پێدانی ورەی ئازایەتی پێکهێنا. چەک و پێداویستی و کەلوپەل و شتی تریان لەلایەن سۆڤێتەوە بۆ دابین دەکرا.(دوهر،١٣٨٨ش.: ژمارە ١٣٨)

یەکێکی تر لە هەنگاوە مەزنەکانی کۆماری کوردستان، بریتی بوو لە چەسپاندنی زمانی کوردی بە فەرمی لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن و دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستان، بووژاندنەوەی ئەدەب، مێژوو، کولتوری کوردی، هەوڵدان بۆ فەراهەمکردنی خوێندنی زۆرەملێ بۆ منداڵان، ناردنی ژمارەیەک لەو خوێندکارانەی، کە خوندنی سەرەتایی یان ناوەندییان تەواو کردبوو بۆ تەورایز و باکۆ بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لەسەر ئەرکی دارایی حکومەت، تا لە داهاتوودا وەک کادیری سەرکەوتوو و لێوەشاوە سودیان لێ وەربگیرێت، لەوانەش: غەنی بلوریان، ڕەحیمی قازی، عەلی گەلاوێژ، سوڵتانی وەتەمیشی، سەید عەزیز شەمزینی، کە بەشێکیان دوای ڕووخانی کۆماریش نەگەڕانەوە.(گادانی، ب.م.: ٥٠)

لە کارە بەنرخەکانی کۆمار، کە شایەنی ڕێز و بەرزنرخاندنە، بابەتی بەیەک چاو سەیرکردن و دانپێدانانی مافی ڕۆشنبیریی کەمایەتیە ئاینی و ڕەگەزی و نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان بوو، وەک: جولەکە، ئاسوری و ئەرمەنەکان مافی خوێندن و نووسین و کردنەوەی قوتابخانەیان بە زمانی زگماکی خۆیان هەبوو، سەرەڕای سەربەخۆبوونیان لە جێبەجیکردنی کاروباری ئاینی لە بەڕێوەبەرایەتیەکاندا ڕێگەیان پێدرابوو سەرپشک بن، لەوەی لەگەڵ منداڵانی کورددا بخوێنن، بۆیە ئەگەر بە تۆماری خوێندکارانی هەردوو خوندنگەی (پەروانە) و (شەهناز)دا

بچینەوە، دەبینین ژمارەیەکی بەرچاو لە کچە جولەکە و ئەرمەن لەگەڵ کچانی کورددا فێری خوێندن و خوێندەواریی بوون.(سەردەشتی،٢٠٠٣: ١٥٤)

دەستکەوتێکی تری گرنگ و بە بایەخی کۆمار دامەزراندنی چاپخانەی "کوردستان" لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا لە شاری مەهاباد بوو. ئەم چاپخانەیە یەکەمین گۆڤاری "کوردستان"ی دەرکرد، کە گۆڤارێکی سیاسی و ئەدەبی گشتیی بوو.(سەردەشتی،٢٠١٣: ١٥٤- ١٥٥) هەروەها ڕۆژنامەی "کوردستان"، کە ئۆرگانی حدکا و ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتیش بوو، یەکەم ژمارەی لە ١٩٤٦/١/١١ دەرچووە.(ئەحمەد،١٩٧٨: ٨٣) هاوکات کۆمەڵێک گۆڤاری تر بڵاوکراونەتەوە، وەک گۆڤاری"هەڵاڵە"، کە لە بۆکان چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەمیش گۆڤارێکی سیاسی و ئەدەبی بوو، لە ئازاری ١٩٤٦ یەکەم ژمارەی لێ دەرچووە؛ گۆڤاری "هاواری کورد"، "هاواری کوردستان" و "گڕوگاڵی منداڵانی کوردستان"، لەو بڵاوکراوانە بوون، کە خزمەتێکی بەرچاویان بە فەرهەنگ و کولتور و لایەنی ڕۆشنبیریی و سیاسی کۆمەڵگای کوردەواریی کردووە.(مەلا عززەت،٢٠٠١: ٢٦٨)

لە ڕووی ئابووری و بوژاندنەوەی بازاڕ و بازرگانی، حکومەتی کوردستان کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگی نا، وەک: ئازادی هاتوچۆ و چالاکی بازرگانی، زۆربوونی بەرهەمی کشتوکاڵ و گۆڕینەوەی کەلوپەل، دامەزراندنی کۆمپانیا و شانۆ و سینەمای گەڕۆک ... هتد. ئەمانە تا ڕادەیەکی باش جموجۆڵی بازاڕیان لە سنوری کۆماردا بووژاندبووەوە، بەڵام دەرامەت و داهاتی سەرەکی لە کۆمەکی یەکێتی سۆڤێتەوە بوو، کە لە ڕێگەی تەورێزەوە دەنێردران. حکومەتی ئازەربایجان نزیکەی بیست هەزار تمەن، کە دەکاتە ٤،٤٠٠ دۆلاری ئەمریکی بە قەرز بە کۆماری کوردستان دابوو، بڕیاریش درابوو، کە دواتر بە شەکر بدرێتەوە. وێڕای هەوڵەکانی حکومەتی ئێران بۆ برسیکردن و ئابڵوقە خستنەسەر کوردستان، بەتایبەتی قەدەغەکردنی کڕینی تووتنی جوتیاران. بەڵام سۆڤێت تووتنی ئەو ساڵەی کوردستانی بە ٨٠ هەزار پاوەن لێکڕینەوە. (مەلا عززەت،٢٠٠١: ٢٦٨-٣٦٩؛ گادانی، ب.م. ٥٦)

سەبارەت بە شێوازی فەرمانڕەوایی لە کۆماری کوردستان، کە ئایا ئەم سیستەمە فەرمانڕەوایە، سیستەمێکی سەربەخۆ، یان سیستەمێکی فەرمانڕەوایی فیدراڵی چوارچێوەی ئێراندا بوو؟ زۆر جار سەرکردەکانی کۆمار جەختیان کردبووەوەم کە خواستی ئەوان جیابوونەوە لە دەسەڵاتی ناوەندیی نییە، بەڵکو تەنیا بەدیهێنانی مافەکانیانە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتریی ئێراندا، کە ماف بە هەموو هەرێمەکان دەدات دەسەڵاتی یاساییان هەبێت، وەک نیشاندانی نیازپاکی فەرمانڕەوایانی کۆمار لەبری چەمکی وەزیر و وەزارەت، چەمکی کارگێڕی و سەرۆکایەتی کارگێڕییان بەکارهێناوە.(حسامی،١٩٩٤: ٢٥-٢٧)

لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری ڕۆژنامەی "وەتەن یولندا"، کە ئاخۆ نەتەوەی کورد بە ڕێبەریی ئەوان داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن؟ قازی محەمەد وتبووی:"داواکاریی سەرەکیی ئێمە لە حکومەتی ناوەندیی ئێران، جێبەجێکردنی دیموکراتیانەی یاسای بنەڕەتی ئێرانە".( كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران، ١٩٤٦/١/١٤: ١٠٦) سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی گەورەش، وتبووی:"ئامانجی بزووتنەوکەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی گەورە نییە". (تقرير القنصلية الملكية العراقية في تبريز، ١٩٤٦/١/١٠: ١٢٨)

**٢:٢ پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئازەربایجان دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان**

هەڵویستی حکومەتی ئازەربایجان بەرامبەر کورد باش نەبوو، تەنانەت بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانیش، دژی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی کورد بوون. ئەمەش لە کاتی سەردانی (ڕۆبەرت ڕۆسۆ)ی جێگری کونسوڵی ئەمریکا لە

تەورێز بۆ لای پیشەوەری بەتەواویی ڕوونبووەوە.(تقرير القنصلية الملكية العراقية في تبريز، ١٩٤٦/١/١٠: ١٢٨) کاتێک پیشەوەری سەبارەت بە چارەنووسی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی لە داهاتوودا بەڕاشکاوی بە بەرپرسە ئەمریکیەکەی ڕاگەیاندبوو، کە کورد هێشتا توانای خۆڕێبەرییان نییە، لەبری دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نیشتیمانی تایبەت بە کورد، کورد پێنج کورسی لە ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان پێدراوە، ئەگەر ئەنجومەنی تایبەت بە خۆیان هەبێت، دەبێت لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی ئازەربایجاندا بن، هەروەها پیشەوەری سەبارەت بە نزیکیی پەیوەندییان لەگەڵ کورد ڕایگەیاندبوو، کە هۆکاری دەستبەرنەدانیان لە کورد لە ترسی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانە، کە کورد بۆ دووبەرەکیی و ئاژاوەنانەوە لە دژیان بەکاربێنێت. پێدەچێت.(یاسین،٢٠٠٢: ١٤٩)

پیشەوەری و حکومەتی ئازەربایجان هیوایان لە دەستنەدابوو، بۆ ئەوەی کورد بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەڵام کورد نەک هەر داوای میاندواو و سەردەشت، بەڵکو داوای هەموو ئازەربایجانی ڕۆژئاوایان دەکرد، کە ورمێ، ماکۆ و خۆی دەگرتەوە. خۆی ناوچەیەکە ژمارەیەکی زۆر کورد، بەتایبەتی هۆزی قوتوری تێدا دەژی. هاوکات کورد ئەو فەرماندارەیان ڕەتکردەوە، کە لەلایەن حکومەتی ئازەربایجانەوە کرابوو بە فەرمانداری ورمێ، بۆ ئەمەش بیانویان ئەوە بوو، کە حکومەتی ئازەربایجان مافی دانانی کاربەدەستی خۆی لە ورمێ نییە.(سوڵتانی، ٢٠٠٥: ٢٠٧-٢٠٨)

لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان جگە لەوەی بۆ دیارینەکردنی هێڵە سنورییەکانی نێوانیان دەگەڕایەوە، هاوکات بۆ جیاوازی بنچینەیی و سروشتی هەردوو دەسەڵات دەگەڕایەوە، بەو پێیەی شێوازی حوکمڕانیی لە ئازەربایجان لەسەر بنەمای چەپی میللی ڕادیکاڵی بوو، لە کاتێکدا لە کوردستان بنەمایەکی نەتەوەیی، دیموکراتی و ئازادیخوازیی هەبوو. ئەمەش بۆ هەڵهاتنی موڵکدارە گەورە ئازەرەکان لە ورمی و دەوروبەری لە گوشارەکانی ڕژێمی کۆمۆنیستی پیشەوەری و پاراستنی موڵک و سامان و پلەوپایەی چینایەتییان پاڵنەرێکی بەهێز بوو، وێڕای ئەوەی ئازەری بوون، بەڵام هانی حکومەتی کوردستانیان دەدا، چارەنووسی ورمێ و دەوروبەری بەدەستەوە بگرێت.(سەردەشتی،٢٠٠٣: ١٦٥)

بەم چەشنە ناکۆکی و گرژیی و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوو دەسەڵاتی کوردی و ئازەری تا دەهات توندتر دەبوو، وێڕای ئەوەی قازی محەمەد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە گفتوگۆ و لەیەکگەیشتن هەر لە شوباتەوە تا کۆتایی ئازاری١٩٤٦ چەند جارێک سەردانی بەرپرسانی تەورێزی کردبوو، بەڵام هەوڵەکانی بێئاکام بوون، هاوکات پەرەسەندنی ناکۆکییەکان پەلی بۆ قۆناغێکی پڕ لە توندوتیژیی دەهاویشت و چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان فیداییەکانی فیرقەی دیموکرات و پێشمەرگەکانی دەوروبەری ورمێ ڕوویدا، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی زیرۆبەگی هەکاری لێ بوو، کە فەرمانی داوە بڵاوکراوە و بانگەوازەکانی دیموکراتەکانی ئازەربایجان لە دیوارەکان بکرێنەوە.(دوهر،١٣٨٨ش: ژمارە ١٣٨)

ڕێبەرانی کورد لە شوبات تا نیسانی ١٩٤٦ هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو تا حکومەتەکەیان بکەن بە حکومەتێکی کارا، بێنەو بەردەی زۆریان لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان کرد، هەرچەندە کورد بۆ یەکلاکردنەوەی موڵکەکانی لەگەڵ حکومەتی تەورێز، ئومێدی زۆری بە پشتیوانی ڕوسەکان هەبوو، بەڵام کاتێک ڕوونبووەوە سوپای سور ئێران بەجێدێڵێت، بە بێ ئەوەی بەڵێنی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ، یا دابینکردنی چەکی قورس و ئۆتۆماتیکیان بۆ کورد جێبەجێ کردبێت. دەسەڵاتدارانی کورد کەوتنە خۆ و لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانیان و کۆتاییهێنان بە گرژیی و ئاڵۆزییەکانی ناوچە جێناکۆکەکان، بە کردەوە کەوتنە کۆکردنەوەی هێز و ناردنی بۆ ناوچەکە. بەڵام پێش ئەوەی پێکدادان و شەڕ دروست ببێت، هاشمۆڤی جێگری کونسوڵی سۆڤێت لە ورمێ داوای

لە قازی محەمەد کرد، بۆ دانوسان و گفتوگۆ لەگەڵ پیشەوەری و جەنەراڵ کراسیکی سەرکونسوڵی سۆڤێت بچنە تەورێز و کۆبوونەوە لەو بارەیەوە ئەنجام بدەن. بوونی سوپای سور لە ئێران ڕەوشێکی نوێی بۆ گەلی کورد هێنایە کایەوە و دامەزراندنی کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە، هاوکات کشانەوەی سوپای سور، کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەربایجانی ڕووبەڕووی هەرەسهێنان لەسەردەستی ڕژێمی ئێران کردەوە.(ئەمین،٢٠٠٦: ٤١)

**٢: ٣ هەوڵەکانی ئەحمەد قەوام بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئێران و یەکێتی سۆڤێت**

پرسی کشانەوەی سوپای سور لە ئێران لە چوارچێوەی بەندەکانی کۆبوونەوەی مۆسکۆ، بە بەشداریی وەزیرانی دەرەوەی هەر سێ دەوڵەتی سۆڤێت، بەریتانیا و ئەمریکا لە ماوەی ١٦ – ٢٧ کانونی یەکەمی ١٩٤٥ بەڕێوەچوو، لە بەندێکدا باسی کشانەوە و بردنەدەرەوەی هێزەکانی سۆڤێت و بەریتانیا و ئەمریکا، پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی کرابوو. یەکسەر لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگ و خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆنیش، ئێران بە فەرمی لە ڕێگای یاداشتەوە بۆ باڵوێزخانەکانی یەکێتی سۆڤێت، بەریتانیا و ئەمریکا لە تاران، داوای چۆڵکردن و بەجێهێشتنی خاکی ئێرانی لە ماوەی شەش مانگدا لێکردن.(كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران، ١٩٤٥/٩/١٦: ٢٢)

بەڵام سۆڤێت ئامادە نەبوو لەو ماوەیەی بە گوێرەی بەندی ٥ ئەو پەیمانەی لە تاران ٢٨ تشرینی یەکەم – ١ کانونی یەکەمی١٩٤٣ بۆی دیاری کرابوو، خاکی ئێران چۆڵ بکات. لە کۆنگرەی یالتاشدا، کە لە ٤-٢٢ شوباتی ١٩٤٥ بەسترا، لە گفتوگۆی وەزیرانی دەرەوەی هەر سێ دەوڵەتی هاوپەیمان(سۆڤێت، بەریتانیا و ئەمریکا) پرسی کشانەوەی هێزەکانیان لە خاکی ئێران تاووتوێ کرد، و وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و ئەمریکاش بۆ نیشاندانی نیازپاکییان، پێشنیاریان کرد کشانەوەی هێزەکانیان پێش بخەن، هەروەها لە کۆنگرەی پۆتسدامیشدا، کە لە ١٧ تەموز – ٢ ئابی ١٩٤٥ دا بەسترا، بەریتانییەکان دووبارە پێشنیاریان کرد، هێزەکانی هاوپەیمانان بەر لە کاتی کۆتایی جەنگ ڕێکەوتننامەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام سۆڤێت بەم پێشنیارەش ڕازی نەبوو.(الدوسكی،٢٠٠٦: ١٧٧؛ كيرك،١٩٥٧: ٦٩)

سەرەڕای بەردەوامی هەوڵەکانی هاوپەیمانان و حکومەتی ئێران، بەڵام سۆڤێت هێشتا لەسەر دەستوەردانی کاروباری ناوخۆی ئێران هەر سور بوو و هەموو هێزەکانی خۆی لە باکوری ئێران مۆڵ دابوو، بە هیوای بەدەستهێنانی جیاووکی نەوتی باکور زۆر هەوڵی دا.(فولر،١٣٧٣ش: ١٨٥) ئێران دوای شکستهێنانی کۆنگرەی مۆسکۆ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و گەڕانەوەی سەروەریی و یەکێتی خاکی ئێران، بە ناچاریی پەنای بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان برد.(هەورامی، ٢٠٠٦: ٢٧٥) و کێشەی دەستوەردانەکانی سۆڤێتی خستەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایش، نوێنەری سۆڤێت بە توندی بەرپەرچی دایەوە و بە قسەی هەڵبەستراو وەسفی کرد، بۆیە تاران بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی پلانەکانی سۆڤێت و دەرکردنی لە خاکی ئێران کەوتەخۆ، چەند گۆڕانکارییەکی ستراتیژیی لە پۆستەکانی حکومەتدا کرد، وەک دەستلەکارکێشانەوەی ئیبراهیم حەکیمی سەرۆکوەزیران لە ئێران لە ٢٠ کانونی دووەمی ١٩٤٦ و هەڵبژاردنی ئەحمەد قەوام وەک سەرۆکوەزیرانی نوێ لە ٢٨ کانونی دووەمی ١٩٤٦ لەلایەن ئەنجومەنی شورای میللی ئێرانەوە.(المفوضية الملكية العراقية في طهران، ١٩٤٥/١/١٢٩: ٤٩) بەم چەشنە مەسەلەی کشانەوەی سۆڤێت لە خاکی ئێران بوو بە یەکێک لەو کێشانەی بەشێکی گەورەی قەیرانەکانی ئێران لە ساڵانی(١٩٤٥ - ١٩٤٦) لەخۆ گرتبوو، تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی نەرێنی لەسەر سروشتی پەیوەندییەکانی زلهێزەکان و سۆڤێت هەبوو، بە هەمان شێوە لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێران هۆکارێکی گرنگ بوو، بەتایبەتی چارەنووسی کۆماری کوردستان و ئازەربایجانی پێوە گرێدابوو، هاوکات کشانەوەی سۆڤێت لە ئێران ڕۆڵی سەرەکیی و یەکلاکەرەوەی لە ڕووخانی حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان گێڕا.(برونسين،١٩٩٩: ٩٧)

قەوام هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە، بە مەبەستی جڵەوگرتنی کێشەکان و هەڵسەنگاندنی باروودۆخی ئەو کاتەی ئێران، کۆمەڵێک کاری گرنگیی کرد، وەک: هەوڵدان بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژیی و ئاڵۆزییانەی بوونە گرێکوێرەی لەیەکگەیشتن لە نێوان ئێران و سۆڤێت، هاوکات تەواوی هەوڵی خۆی بۆ گێڕانەوەی سەروەریی نیشتیمانیی ئێران خستەگەڕ بەبێ ئەوەی هاوسەنگیی هێزی هاوپەیمانان لە ئێران لاسەنگ بکات، لەو پێناوەشدا یەکەم هەنگاوی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکانی ئێران لەگەڵ سۆڤێت لە ١٨ی شوباتی ١٩٤٦ بە نیازی وتووێژ و دانوسان لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی سۆڤێت، لەگەڵ شاندێک(كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران، ١٩٤٦/٢/١٩: ١١٥) بەرەو ئەو وڵاتە کەوتە ڕێ. لەماوەی مانەوەیاندا لە سۆڤێت ، کە سێ هەفتەی خایاند، قەوام چەندین دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ بەرپرسە بالاکانی ئەو وڵاتەدا ئەنجام دا، لە میانەی کۆبوونەوەکانی دوو جار چاوی بە ستالین کەوتووە، چەند جارێک لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سۆڤێت مۆلۆتۆڤ دانیشتووە. لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی نێوانیان، هەردوولا داواکارییەکانیان بە شێوازی جیاواز خستبووەڕوو، هەرچەندە مەودای دووری نێوان خواستەکانیان نەیهێشت بگەنە هیچ ڕێکەوتنێک، بەڵام ئەمە بوو بە سەرەتایەکی باش لە داهاتوودا هەردوو لای لە ڕێکەوتنێکدا کۆکردەوە.(بورزوویی،٢٠٠٥: ٤٥٠)

قەوام لە یاداشتێکدا، کە لە ٢٣ شوباتی ١٩٤٦ ئاڕاستەی سۆڤێتی کردبوو، باسی لەوە کردبوو، کە ئەنجومەنی شورای میللی ئێران بەپێی بڕیارێک، کە لە ٢ کانونی یەکەمی١٩٤٤ دەرچووبوو، هەموو جۆرە گفتوگۆ و دانوسانێکی بەرپرسانی ئێران لەبارەی پێدانی جیاوکی نەوت بە بێگانە قەدەغەکردووە، پرسی ئازەربایجانیش پەیوەندی بە ناوخۆی ئێرانەوە هەیە، ئازەربایجان ناوچەیەکی دابڕاو لە ئێران نییە و مامەڵە و سازشی لەسەر ناکرێت، هەروەها داوای کردبوو هاوپەیمانان پێش ٢ی ئازاری ١٩٤٦ بەگوێرەی پەیماننامەی سێقۆلیی ١٩٤٢ لە خاکی ئێران بڕۆنە دەرەوە، هیچ بیانوویەکی یاسایی بۆ مانەوەی سۆڤێت لە خاکی ئێران لە دوای ئەو بەروارەوە لە ئارادا نییە.(ڕەمەزانی،٢٠١٢: ١٥٧) حکومەتی سۆڤێت لەبری ڕازیبوون بە یاداشتەکە، کۆمەڵێک پێشنیاری خستەبەردەم شاندی ئێران، کە گرنگترین خاڵەکانی ئەمانە بوون:

١ – حکومەتی ئێران بە فەرمی خودموختاری ئازەربایجان بناسێنێت؛

٢ – مانەوەی بەشێکی لەشکری سور لە چەند ناوچەیەکی ئێران بۆ ماوەیەکی نادیار؛

٣- حکومەتی سۆڤێت دەستبەرداری خواستی خۆی بۆ بەدەستهێنانی جیاووکی نەوتی باکور دەبێت، بەرامبەر بەوە پێشنیاری دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هاوبەشی سۆڤێت – ئێرانی کرد، بە مەرجێک پشکی سۆڤێت لە کۆمپانیای ناوبراو ٥١% بێت، هاوکات پشکی حکومەتی ئێران ٤٩% بێت.(Skrine,1962: 234)

وێڕای ڕازینەبوونی قەوام بەو پێشنیارەی سۆڤێت، بۆ جاری دووەم یاداشتێکی تری ئاڕاستەی حکومەتی سۆڤێت کرد و جەختی لەسەر داواکاریەکانیی یاداشتی یەکەم کردەوە، بەڵام پێداگرییەکانی سۆڤێت، قەوامیان ناچارکرد حسێن عەلائی وەک نوێنەری ئێران نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاووتوێی پرسی پابەندبوونی سۆڤێت سەبارەت بە کشانەوەی لە خاکی ئێران بنێرێت، بەو جۆرەی ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە باسیان کردووە، ئەم هەنگاوە تا ڕادەیەکی باش پشتگیریی نێوەدەوڵەتیی، بەتایبەتی بەریتانیا و ئەمریکا و ئێران مسۆگەر کردبوو.(بورزوویی،٢٠٠٥: ٤٥١-٤٥٢)

قەوام بە مەبەستی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوخۆ، چەند کارێکی ئەنجام دا، وەک هەنگاوی یەکەم، بەشێکی زۆری ئەو داخوازییانەی جێبەجێ کرد، کە سۆڤێت لەمێژەوە داوای کردبوو، وەک دوورخستنەوەی ئەوانەی بە لایەنگری بەریتانیا دادەنران، ئەوانیش: تەباتەبائی، جەمالی ئیمام و جەنەراڵ ئەرفەع بوون. هەموو ئەو ڕۆژنامانەیشی

داخسـت، که دژی سـۆڤێت دەیانووسـی، بـۆ چارەسـەری ئاشـتییانەی کێشـەکان، بە ڕواڵەت لەگەڵ تەوریـز کەوتە دانوسان، سێ بەرپرسی تودەییشی لە کابینەی خۆیدا کرد بە وەزیر و موزەفەر فەیروزی دۆستی سۆڤێتی کرد بە جێگری خۆی.(سەردەشتی:٢٠٠٣: ١٩٣)

بەم چەشنە ئەم سیاسەتە چەواشەکارییانەی قەوام بوون بە مایەی هاندان و دڵخۆشیی سۆڤێت، کە بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ و دانوسانەکانی مۆسکۆ، سادیچکۆڤ نوێنەری سۆڤێت لە ٢٠ی ئازاردا سەردانی تارانی کرد و لە ٤ی نیساندا یاداشتێکی بۆ قەوام نارد، کە تیایدا ڕەزامەندی حکومەتی سۆڤێتی لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هاوبەشی ئێران – سۆڤێت، بە ئامانجی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە مەڵبەندە خاوەن نەوتییەکانی باکوری ئێران نیشان دا، بەڵام بە مەرجێک: نەوتی باکور بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ دەربهێنرێت، و لە ماوەی ٢٥ ساڵی یەکەمدا ٥١% بۆ سۆڤێت و ٤٩% بۆ ئێران؛ لە ٢٥ ساڵی دووەمیشدا، هەردوولا لە پشکدا یەکسان بن.(سوڵتانی،٢٠٠٥: ٣٢٤) هەردوولا لە ٤ نیسانی ١٩٤٦ لەسەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕێککەوتن:

١ – هێزەکانی سوپای سور لە ماوەی مانگ و نیوێکدا لە هەموو خاکی ئێران بکشێنەوە؛

٢ – ڕێکەوتننامەی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هاوبەشی ئێران – سۆڤێت و مەرجەکانی بە مەبەستی بڕیارلەسەردان و پەسەندکردنی، لە ١٤ی ئازارەوە تا ٧ی نیسان ڕەوانەی ئەنجومەنی شورای میللی بکرێت؛

٣- پرسی ئازەربایجان کێشەیەکی ناوخۆیی ئێرانە و بۆ چارەسەرکردنی پێویستە بەپێی یاسا و ڕێساکانی ئەوکات و لە ڕێگای چاکسازیی و ڕیفۆرمەوە بە گیانێکی مرۆڤدۆستی و چاکەخوازییەوە، کێشەکانی نێوان ئێران و حکومەتی ئازەربایجان چارەسەر بکرێن.(سەردەشتی:٢٠٠٣: ٢٩٧؛ النداوي،١٩٦٦: ١١-١٢)

بەشێکی تری ڕێکەوتننامەکە داخوازییەکانی سۆڤێت بوو بۆ کشانەوەی سکاڵای دەوڵەتی ئێران دژی سۆڤێت لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی، بەشداریی پێکردنی ئەندامانی حیزبی تودە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وڵاتدا.(كتاب الوزارة الخارجية العراقية، ١٩٤٦/٤/٩: ٥٧) بەم چەشنە قەوام بەم سیاسەت و ستراتیژە نوێیەوە، توانی بە جۆرێک کێشەکان چارەسەر بکات، کە هەموو لایەک ڕازی بێت، لە کاتێکدا هەموو ئەمانە تەنیا هەڵخەڵەتاندن بوون.(البحراني،١٩٧٧: ١٣٧)

بە واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەنێوان سۆڤێت و ئێراندا، حکومەتی ئێران توانی مامەڵەیەکی دیپلۆماسیی و ستراتیژییەوە لە لایەکەوە کشانەوەی سوپای سوری لە ناوچەکانی باکوری ئێران مسۆگەر کرد، لەلایەکی ترەوە، پرسی ئازەربایجان و کوردستانی خستەوە نیوە پەراوێزی کێشە ناوخۆییەکانی ئێران، لە پشتیوانیی سۆڤێت دابڕین و چارەسەرکردنیان، وەک کێشەکانی تری ئێران، خستەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی تاران.

**باسی سێیەم: ڕێکەوتنی نێوان کۆماری و حکومەتی ئازەربایجان و هەڵویستی حکومەتی ئێران**

**١:٣ ڕێکەوتنامەی نێوان کۆماری کوردستان و ئازەربایجان و هەڵویستی بەریتانیا**

وێڕای ناکۆکییەکان نێوان کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، بەڵام نزیکبوونەوەی ئێران و سۆڤێت و بەستنی ڕێکەوتننامەی نێوانیان کورد و ئازەری ناچار بە لێکنزیکبوونەوە کرد، بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆماری کوردستان شاندێک بە سەرۆکایەتی قازی مەمەد و بە یاوەری شاندێک گەیشتنە تەوریز و لەگەڵ شاندی حکومەتی ئازەربایجان، کە پێکهاتبوون لە جەعفەر پیشەوەری، حاجی میرزا عەلی شەبستەری، سادق پادگان، سلام الله جاوید، محەمەد بێریا دانیشتن، دوای ئەنجامدانی گفتوگۆ سەبارەت بە کێشەکانی نێوانیان لە ئەنجامدا لە ٢٣ نیسانی ١٩٤٦ پەیمانی هاوکاریی و دۆستایەتیی لەنێوان حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان واژۆکرا.(باڵەکی،٢٠٠٤: ٩٧)

بەندەکانی ڕێکەوتننامەی نێوان کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەربایجان ئەمانە بوون:

١ – بەپێی پێویستی و خواستی بارودۆخەکە هەردوو کۆمار نوێنەر دەگۆڕنەوە؛

٢ – لە ئازەربایجان لەو شوێنانەی کورد زۆرینەن لە کاری بەڕێوەبردندا هاوبەشی بە کورد دەکرێت، هەروەها لە کوردستانیش لەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتوانی ئازەرین، هاوبەشی بە فەرمانبەرانی حکومەتی ئازەربایجان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا دەکرێت؛

٣ – بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکانی نێوانیان هەردوولا، کۆمیسیۆنێکی هاوبەش دادەمەزرێنن، کە بڕیارەکانی لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕی هاوبەشی هەردوو حکومەتەوە جێبەجێ دەکرێت؛

٤- لە کاتی پێویستدا لەنێوان هەردوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان هاوکاریی پێشمەرگەیی و سەربازیی دەکرێت، ئەوەی بۆ پشتیوانیی و هاوکاریی یەکتر پێویست بێت ئەنجام دەدرێت؛

٥ – هەر کاتێک پێویست بوو لەگەڵ حکومەتی تاران وتووێژ بکرێت، ئەوا دەبێت ڕەزامەندی و پەسەندی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستانی لەسەر بێت؛

٦- حکومەتی ئازەربایجان بۆ ئەو کوردانەی لە ئازەربایجان دەژین، تا ئەو ئەندازەیەی بتوانێت بۆ پێشکەوتن و پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی ئەوان هەوڵدەدات، هەروەها حکومەتی میللی کوردیش بۆ ئەو ئازەربایجانیانەی، کە لە خاکی کوردستاندا دەژین بۆ پێشکەوتنی زمان و پەرەپێدانی فەرهەنگی میللی ئەوان تا ئەو ڕادەیەی بتوانێت، هەوڵدەدات؛

٧- هەر کەس بۆ تێکدانی دۆستایەتی مێژوویی نەتەوەی کورد و ئازەر و لەناوبردنی برایەتیی و دیموکراتی میللی یان لەکەدارکردنی یەکێتی ئەوان هەوڵبدات، هەردوولا بەیەک دەست ئەو کەسانە بە سزای خۆیان دەگەیەنن.(کوردستان(ڕۆژنامە)، ١٣٢٥: ٣)

ئەگەرچی ئەم ڕێکەوتنە هەندێک لە ناکۆکیە بنەڕەتیەکانی وەک کێشەی سنوری نێوان هەردوو لای بە چارەسەرنەکراوی هێشتەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی باش بە سەرکەوتن بۆ هەردوو لا دانراوە، چونکە دوای مێژوویەکی دوور و درێژ لە ناکۆکی و ناتەبایی و کێشمەکێشی زۆر، پەیمانیان بە یەکتردا لە مەیدانی سیاسی و سەربازییدا چارەنوسێکی هاوبەشیان هەبێت.(زنگنە،١٣٢٥ش: ٨)

ڕێکەوتنی نێوان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بوو بە مایەی تووڕەی و بێزاریی حکومەتی تاران، کە بۆ چەندین ساڵ بە پیادەکردنی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵ بە) تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکیی لەنێوان ئەم دوو گەلەدا چاندبوو، ئەوەی نیگەرانیەکانی زیاتر کردبوو، ئەوە بوو، کە حکومەتی تاران پێی وا بوو، هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان وەک دوو دەوڵەتی جیاواز و سەربەخۆ ڕەفتاریان کردووە و بۆ دابەشکردنی ئێران هەوڵیان داوە. هەرچەندە لەم ڕێکەوتننامەیەدا، هیچ هەنگاوێک بۆ دیارییکردنی سنووری نێوان کوردستان و ئازەربایجان نەنرا،(سەردەشتی:٢٠٠٣: ٢٥٦) بەڵام بەگوێرەی بەندی دووەمی ڕێکەوتننامەکە، هەنگاوێک بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەدا نرابوو، ئەگەری ئەوەش هەبوو هەندێک شاری وەک ورمێ، میاندواو، تەنانەت خۆیش بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئازەربایجانەوە، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕیی هاوبەشی هەردوولاوە بەڕێوەبرێن.(سوڵتانی،٢٠٠٥: ٢٤١-٢٤٢)

## ٢:٣ هەوڵەکانی حکومەتی تاران دژ بە ڕێکەوتننامەی نێوان کوردستان و ئازەربایجان

تـرس و دڵەڕاوکێکـانی حکـومەتی ئێـران لە ڕێکخسـتن و مـۆرکردنی پەیمـانێکی لەو جـۆرە لەنێـوان هەردوو حکومەتەکەی کوردستان و ئازەربایجان، کە بە هەوڵ وکۆششی سۆڤیت بـوو بـۆ جیـاکردنەوەی ئازەربایجـان لە ئێـران زۆرتر بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەریتانیا بە فەرمی دانپێدا نەنانی حکومەتەکەی بە ڕێکەوتننامەی نێوان کوردستان و ئازەربایجـان خستەڕوو. خاڵەکانی ئەو پەیماننـامەیە لە نـاوەڕۆکی خۆیانـدا نیشـاندەری ئەو ڕاسـتیە بـوون، کە دوو ڕژێمە دیموکراتەکە خۆیان بە دوو دەوڵەتـی سـەربەخۆ دادەنـێن، کە مافیـان هەیە نـوێنەر ئـاڵوگۆڕ بـکەن و پەیمـانیش ببەستن.(بورزوویی،٢٠٠٥: ٤٤٢)

قەوام ئەلسـەڵتەنە هەر دوای واژۆکردنـی ڕێکەوتننـامەی نێـوان کوردسـتان و ئازەربایجـان، خێـرا بـۆ تێکدانی ئەو یەکێتیە کەوتە هەوڵدان. بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی، ویستی کەڵک لە نـاکۆکییە سـنورییەکانی نێـوان هەردوو کۆمـار وەربگرێت، بەتایبەتی کێشەی سنوریی ئەو شارانە قوڵتر بکاتەوە، کە هەردوو نەتەوە پێکەوە تێیاندا دەژیـا، تـا ئاسـتی ئاژاوە و جیابوونەوە، لەلایەکی ترەوە هەوڵیدا بە ناوی سازان و ڕێکەوتنـی سـاختەوە بەجیـا لەگەڵ هەریەکەیـان، بـێ ئاگاداری یەکتـری، گفتوگـۆ بکـات، وەک ئەو ڕێکەوتـنەی لەنێـوان ئازەربایجـان و تارانـدا لە تەوریـز واکـۆکرا و کۆمـاری کوردستانی لێ بێبەشکرا.(مەلا عززەت،٢٠٠١: ٣٠٠)

حکـومەتەکەی قەوام بە نـاوی دەوڵەتەوە ڕاگەیەنـدراوێکی لەسـەر ئازەربایجـان بڵاوکـردەوە و ئامـاژەی بەوە کـرد، دەوڵەت بەپێی بەندەکانی (٢٩، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٣) لە پاشکۆی یاسای بنەڕەتی ئێران پەیوەسـت بە ئەنجـومەنی ئەیـالەت و ویلایەتەکان، خوازیاری چارەسەری مەسەلەی ئازەربایجانە و دەیەوێت بەڕێوەبەرایەتی چەند یەکەیەکـی کـارگێڕی بە خەڵکەکەی بسـپێرێت. لەپـاڵ زمـانی فارسـی زمـانی ئـازەرییش بکـرێتە زمـانی میللـی، ڕێکخـراوە دیموکراتەکـانیش بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی مافی خەباتیان دەبێت، حکومەتی تاران بۆ تـاووتوێی بـارودۆخەکە و زانینـی هەلـومەرجی سیاسیی، نوێنەرانی پێشووی خولی چواردەیەمی ئەنجومەنی میللی ئێرانیان بۆ تەورێز نارد.(مەدەنی،١٣٨٩هـ: ٢٨٠)

لەسـەر بانگهێشـتی قەوام ئەلسـەڵتەنە لە ٢٨ نیسـانی ١٩٤٦ دەسـتەی نـوێنەرایەتی ئازەربایجـان بە سـەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی ئازەربایجان پیشەوەری(هەورامی،٢٠٠٨: ١٦) بە یـاوەری سـادق پادگـان، د. جیهـان شـاولو، ئیبراهیمـی، دیلمقانی و چوارده کەسی تری ئازەری و سەیفی قازی وەزیـری جەنـگ، وەک نـوێنەری کوردسـتان بـۆ تـاران ڕۆیشـتن. لەوێ چاویـان بە نـوێنەرانی دەوڵەتیـی تـاران کەوت و لەگەڵیـان کۆبـوونەوە.(کوردسـتان(ڕۆژنـامە)، ١٣٢٥هــ: ١) وتووێژەکـان لە ٢٩ی نیسـانی ١٩٤٦ دەسـتی پێکـرد، یەکەم بـابەتی کۆبـوونەوەکە شـیکردنەوەیەک بـوو بـۆ هەمـوو پرسیارەکان، لە ڕۆژی دواتـر کۆبـوونەوەی دووەم دەسـتی پێکـرد، نـوێنەارنی تـاران بڕیـاری چارەسـەرکردنی کێشـەی ئازەربایجانیان دا، بۆ ئەو مەبەستەش ڕەشنوسێکی حەوت خاڵیان ئاڕاستەی دەستەی نونەرانی ئازەربایجان کرد. تێـدا ئاماژەیـان بەوە کـرد، کە دەوڵەت بڕیـاری داوە بە وردی لە کێشـەکەیان بکـۆڵێتەوە و داخـوازیی هاونیشـتمانیانی ئەم نــاوچەیە جێبەجــێ بکــات، بە مەرجــێ لەگەڵ یاســای بنچینەیــی و یاســاکانی تــری ئێــران دژ و پــێچەوانە نەبێـت(هەورامـی،٢٠٠٨: ١٧) دەسـتەی نـوێنەرانی ئازەربایجـان لە سـەرەتای کۆبوونەکانـدا خواسـت و داواکارییەکـانی خۆیان خستەڕوو، کە بریتی بوون:

١ – ئەنجـومەنی میللـی ئازەربایجـان لەبـری ئەنجـومەنی ئەیـالەتی ئازەربایجـان بە فەرمـی بناسـرێت و دانـی پێدابنرێت؛

٢ – ئەنجومەنی ئەیالەت ئوستاندار، سەرۆکی دەزگا و بەڕیوەبەرایەتییەکان، لەوانەش بەڕێوەبەرایەتی دارایی دابنێت؛

٣ – زمانی تورکی ئازەری ببێتە زمانی فەرمی سەرجەم دامودەزگاکان و ناوەندەکانی خوێندن و سوپا؛

٤ – هێزی پێکهاتووی ئازەربایجان ببێتە بەشێک لە سوپای ئێران و هەمان پلە و پۆستی سەربازیی و سوپاییان هەبێت و لەلایەن حکومەتی تارانەوە دانی پێدابنرێت.(مهدی نیا،١٣٦٦ش: ٣٣١)

سەرەڕای ئەوەی نوێنەرانی حکومەتی ناوەندیی ئامادە نەبوون هیچ کام لەو داخوازییانە جێبەجێ بکەن، داوایشیان کردبوو، هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان هەڵبوەشێنەوە و بەرپرسیارێتی دانانی ئوستاندار و لێپرسراوانی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیی بێت، زمانی فارسی بکرێتە زمانی فەرمی دامودەزگا دەوڵەتییەکان و پرسی ئەنجومەنی ئەیالەتیش بۆ پاش هەڵبژاردنەکانی خولی پانزدەیەمی ئەنجومەنی شورای میللی ئێران دوا بخرێت.(مستەفا، ٢٠٠٧: ٢٢٩-٢٣٠)

پرسی هەڵوەشاندنەوەی هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان بوو بە گرێکوێرەی گفتوگۆکان، حکومەتی قەوام و محەمەد ڕەزاشا ڕازی نەبوون شەرعیەت بە مانەوەی ئەم هێزانە بدەن. لەبری ئەوە پرۆژەیەکی حەوت خاڵیان خستە بەردەم دەستەی دانوسانکاران، بەپێی ئەم پرۆژەیە هەر مافێک لە یاسای پەسەندکراوی نیسانی ١٩٤٦ بەپێی بەندەکانی پاشکۆی یاسای بنەڕەتیی ئێران سەبارەت بە ئەنجومەنەکانی ئەیالەت و ویلایەتی پەسەندکراو بۆ ئازەربایجانیش بەم چەشنەی خوارەوە پەسەند دەکرێت:

١ – بەڕێوەبەری دامودەزگاکانی کشتوکاڵ و بازرگانیی و پیشەسازی و هونەر، ترانسپۆرت، تەندروستی، پۆلیس، دادگان، دادستانەکان، بەڕیوەبەرایەتی دارایی لەلایەن ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتەوە دیاری دەکرێن، بەڵام دامەزراندنی فەرمی ئەوان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دەبێت؛

٢ – مافی دیارییکردنی ئوستاندار بەپێی پەسەندکردنی ئەنجومەنی ئەیالەتی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەبێت، بەڵام فەرماندەکانی لەشکری پۆلیس و ئاسایش لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دیاری دەکرێن؛

٣ – زمانی فەرمی ئازەربایجان وەک شوێنەکانی تر، فارسی دەبێت، لە سەرجەم دامودەزگا و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەرێمەکە لەگەڵ دەزگاکانی دادپەروەریی و کاروبار بە زمانی فارسی و تورکی، تەنیا خوێندن لە پێنج پۆلی سەرەتایی بە زمانی ئازەری دەبێت.

٤ – لە کاتی دیارییکردنی داهاتی داڵیات و بودخەی وڵات، دەوڵەتی ئێران بۆ باشترکردنی بارودۆخ و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی شارەکان و ڕێکخستنی باری کولتوری و تەندروستی ... هتد ڕەچاوی دۆخی ئازەربایجان دەکات.

٥ – چالاکی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و سەندیکاکان لە ئازەربایجان، وەک ناوچەکانی تری ئێران ئازاد بن؛

٦ – هیچ جۆرە گیروگرفت و سزا و زۆرلێکردن بەرامبەر ئەو دانیشتوان و فەرمانبەرانەی دامودەزگاکان بەکارناهێنرێت، کە لە ڕابردوودا بەشداریی بزووتنەوەی دیموکراتییان کردبێت؛

٧ – زیاکردنی ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجان لە ئەنجومەنی ئێران بەگوێرەی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی ئەو ئەیالەتە دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە هەر لە سەرەتای کۆبوونەوەی خولی پازدەیەمی ئەنجومەنی میللی ئێران، پێشنیارێکی پێویست بۆ پەسەندکردنی بڕیارێکی تایبەت لەم بارەوە بدرێت. دوای پەسەندکردنی، بۆ پڕکردنەوەی ئەم

بۆشاییە، واتە کەمیی ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجـان لە ئەنجـومەنی شـورای میللـی ئێـران، هەڵبـژاردن لەم هەرێـمەدا بکرێت.(هەورامی،٢٠٠٨: ١٦-١٧)

دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان داواکارییەکانیان لە یاداشتێکی ٣٣ خاڵیدا ئاڕاستەی تاران کرد، داوای هێشتنەوەی ئەو بارودۆخەیـان کردبـوو، کە لە ئازەربایجانـدا هـاتبووە کـایەوە، هەروەهـا پێـداگرییان لەسـەر مـانەوەی حکـومەتی ئازەربایجان و تەواوی ئەو ناوچانەی سـەر بەو دەسـەڵاتر کـارگێڕییەن لە چوارچێـوەی یەکێتـی خـاکی ئێـران کردبـوو، هاوکات سوپا و لەشکری ئازەربایجان خۆیان بەرپرسی ئاسایش و پاراستنی ناوچەکە بـن و دەوڵەتـی ناوەنـدیی تەنیـا سەرپەرشتی کاروباری دەرەوەی ئازەربایجان بکات و سەربەخۆیی ناوخۆییان پارێزراو بێت.(اتابکی، ١٣٧٦ش: ١٦٥)

خولی یەکەمی گفتوگۆکان ئەنجامیکی ئەوتـۆی نەبـوو، دوای مـاوەیەک و بەهـۆی گوشـارەکانی سـۆڤێتەوە لەسـەر حکومەتی ئازەربایجان، خولی دووەمی گفتوگۆکانی نێوانیان دەستپێکردەوە، بـۆ ئەم مەبەسـتە حکـومەتی ناوەنـدیی شاندێکی ڕەوانەی تەورێز کرد، کۆبوونەوە و وتووێژەکان لەسەر کێشە هەڵپەسێراوەکان دەستی پێکردەوە، سەرەنجام پــرۆژە ٧ خــاڵیەکەی حکــومەتی ناوەنــدیی بــوو بە بنچیــنەی گفتوگۆکــان.(ئەمــین،٢٠٠٧: ٢٣٧-٢٣٨) لە ئەنجــامی بیروراگۆڕینەوە لەسەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتن:

١ – سەبارەت بە خاڵی یەکەمی پرۆژەکەی حکومەتی تاران، سەرۆکی دارایی بە پێشـنیاری ئەنجـومەنی ئەیـالەت و پەسەندکردنی حکومەتی ناوەندیی دادەنرێت؛

٢ – ئەنجومەنی ئەیالەت چەنـد کەسـێک بـۆ پۆسـتی پارێزگـار دەستنیشـان دەکـات، وەزارەتـی کیشـوەر یەکێکیـان هەڵدەبژێرێت؛

٣ – حکومەت ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان وەک ئەنجومەنی ئەیالەت دەناسێنی، دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی شـورای میللـی ئێـران بـۆ خـولی پـانزدەیەم و دانـانی یاسـی نـوێی ئەنجومەنەکـانی ئەیـالەت و ویـلایەت، کە لەلایەن حکومەتەوە پێشنیار دەکرێت، ئەوسا ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان بەگوێرەی ئەو یاسایە هەڵدەبژێرێت؛

٤ – هیزەکانی ئازەربایجان بە بەشێک لە سوپای ئێران دابنرێت، کۆمیسـیۆنێکی هـاوبەش لە نـوێنەرانی حکـومەتی ناوەندیی و ئەنجومەنی ئەیالەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێکبهێنرێت(مهدی نیا، ١٣٦٦: ٣٣٥-٣٣٩)؛

٥ – ٧٥% داهاتی هەرێمی ئازەربایجان بۆ خەرجی ناوچەکە و ٢٥% بـۆ دەوڵەتـی ناوەنـدیی وەک خەرجـی گشـتیی دەنێردرێت، ک ەئەمانە لەخۆ دەگرێت:

ئا – هەموو دەرامەتی پۆست، تەلەگراف، گومرگ، ڕێگـای ئاسـنین و کەشـتیوانی لە دەریـاچەی ورمـێ بە دەوڵەتـی ناوەندیی دەدرێت؛

ب – دروستکردن و چاککردنی شەقام و ڕێگا سەرەکییەکان لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیی دەبێت، هەرچـی ڕێگـا لاوەکییەکان و ناوچەییەکانیشە لە ئەستۆی ئەنجومەنی ئەیالەتی دەبێت؛

ج- ٢٥% داهاتی گومرگی ئازەربایجان بۆ زانکۆی ئازەربایجان تەرخان دەکرێت.

٦ – حکومەتی ناوەندیی هەوڵدەدات ڕێگای ئاسنی نێوان میانە – تەورێز بە زووترین کات دروست و تەواو بکات؛

٧ – هێزەکـانی فیـدایی دەبـن بە بەشـێک لە هێـزی ژانـدرمری و پـۆلیس، کۆمیسـیۆنێکی هـاوبەش لە نـوێنەارنی حکـومەتی ناوەنـدیی و ئەنجـومەنی ئەیـالەتی بـۆ جێبەجیکردنـی ئەم بڕیـارە پێکبهێنرێـت(کتـاب المفوضـیة الملکیـة العراقیة في طهران، ١٩٤٦/٦/١٧: ٣١١-٣١٢)؛

٨ – دەوڵەت چاو لەو زەویانەی خۆی دەپۆشێت، کە لە لایەن حکومەتی ئازەربایجانەوە دابەشکراون، بەڵام دەبێت ئەو موڵکدارانە قەرەبوو بکرێنەوە، کە زەوییەکانیان دابەشکراوە، بۆ ئەو مەبەستە کۆمیسیۆنێکی هاوبەش لە نوێنەرانی هەردوولا بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێکبهێنرێت؛

٩ – دەوڵەتی ناوەندیی دوای کردنەوەی ئەنجومەنی پانزدەیەم، ڕەزامەنی لەسەر پرۆژە یاسای هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی، بە شێوازی نهێنی و بە بەشداریی راستەوخۆی ژن و پیاو بێت، ئازەربایجانیش بەپێی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی ژمارەی نوێنەرەکانی زیابکرێت؛

١٠ – ئەیالەتی ئازەربایجان ئوستانەکانی ٣ و ٤ دەگرێتەوە؛

١١ – حکومەت، بۆ دابینکردن و باش بەڕێوەچوونی کاروباری ئازەربایجان، ڕازییە شورای بەڕێوەبەرایەتی لە پارێزگا و سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی پێکبێنێت؛

١٢ – خوێندن لە قۆناغەکانی ناوەندیی و خوێندنی باڵا بە هەردوو زمانی فارسی و تورکی ئازەریی بەپێی بەرنامەی وەزارەتی فەرهەنگ و پەروەردە دەبێت؛

١٤ – لەبەر ئەوەی حکومەت بە نیاز بوو یاسای نوێ بۆ هەڵبژاردنی شارەوانی لە هەموو ئێران لەسەر بنەمای دیموکراتی و دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجومەنی پانزەیەم پێشنیار بکات، دوای پەسەندکردنی ئەو یاسایە هەڵبژاردنی نوێ بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەموو ئێراندا دەست پێدەکات، تا ئەو کاتە ئەنجومەنەکانی شارەوانی ئێستای ئازەربایجان وەک خۆیان دەمێننەوە؛

١٥ – ئەم ڕێکەوتننامەیە بە دوو وێنە ئامادەکراو گۆڕدرایەوە، پاش پەسەندکردنی لەلایەن حکومەت و ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجانەوە جێبەجێ دەکرێت.(کوردستان(ڕۆژنامە)١٣٢٥: ١-٢)

خولی دووەمی گفتوگۆکانی ئازەری ئێرانی پرسی کوردی بۆ دواوە بردەوە و خستیە سەبەتەی کێشەی ئازەربایجانەوە، لەلایەکەوە ئەم گفتوگۆیانەی دوایی بە بێ بەشداریپێکردنی نوێنەری کورد ئەنجامدرا، ئەمە بە یەواوی پێچەوانەی ڕێکەوتننامەی نێوان کوردستان و ئازەربایجان بوو، کە ئازەرییەکان پێوەی پابەند نەبوون.(بورزوویی،٢٠٠٥: ٤٤٢) لەلایەکی ترەوە کێشەی کورد وەک کێشەی نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەمایەوە، کە وەک گەلی ئازەر قەوارەیەکی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیەکی جیاوازی خۆی هەبێت و بتوانێت ئەنجومەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی خۆی پێک بهێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە کوردیش، وەک کەمایەتییەکی تری ئازەربایجان تەنیا مافی خوێندنی پێنج ساڵی قۆناغی سەرەتاییان بە زمانی زگماکی خۆیان پێدرا، جگە لەوەی کوردەکانی دەرەوەی ئازەربایجان لە پارێزگاکانی کرماشان و کوردستان، کە زۆرینەی کوردی کوردستانی ئێرانیان لێ پێکهاتبوو، لەلایەن حکومەتی تارانەوە پشتگوێ خرابوون.(ئەمین،٢٠٠٧: ٢٤٢)

بەم جۆرە پابەندنەبوونی پیشەوەری و حکومەتەکەی بە ڕێکەوتننامەیان لەگەڵ کوردستان ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر بوو، بەتایبەتی لە کاتی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان حکومەتی تاران و کورد، هیچ هاوکارییەکی کاریگەریان پێشکەشی کورد نەکرد، لە کاتێکدا بارزانیەکان و بەگزادەکانی فەیزوڵلابەگی لە گەمارۆدانی سەربازگەی میاندواو لەلایەن فیرقەی دیموکراتەوە پشتیوانی چالاک و کاریگەرییان لە فیداییەکانی فیرقەی دیموکرات کرد، هەر بە هاوکاری و یارمەتی کورد ڕێگە لە پاشەکشەی هێزەکانی سەربازگەی میاندواو گیرا، کە نەتوانن بەرەو شاهیندژ بکشێنەوە، هەروەها لە میانەی گەمارۆدانەکەدا لە ٣- ٢٥ کانونی یەکەمی ١٩٤٥ پارێزگارییکردن لە پردی جەغتوور لە ئەستۆی هێزە چەکدارەکانی کورددا بوو،(پسیان،١٣٢٧: ١٠٦) هاوکاری و پشتیوانیی فەیزوڵلابەگیەکانی ناو لەشکری

کورد بۆ فیداییەکانی فیرقەی دیموکرات، سەربازگەکانی حکومەتی تارانی لە تکاب و مایندلاغ لە ناوچەی ئەفشار ڕووبەڕووی مەترسیی کردەوە، هەموو ئەمانە نیشانەدەری دڵسۆزیی کورد بوون، چ پێش واژۆکردنی پەیمانی یەکێتی و برایەتی نێوان کوردستان و ئازەربایجان، چ دواتریش لەگەڵ پیشەوەری و حکومەتەکەی هاوکارییەکی ڕاستەقینە بوو، بەڵام دانیشتوانی کوردی ناوچەکە لەو ڕێکەوتننامەیە بەگومان بوون، چونکە بەرژەوەندییەکانی کورد لەبەرچاو نەگیرابوو.(هەورامی،٢٠٠٨: ٥٤)

سەبارەت بەو پاشەکشەیە لە ماف و دەسکەوتەکانی کورد، ڕۆزڤڵت نووسیویەتی:"لە ڕێکەوتننامەی نێوان کورد و ئازەربایجان، گەلی کورد تا ڕادەیەکی زۆر زەرەرمەند بوو، وێڕای ئەوەی زۆربەی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە لە بەرژەوەندی ئازەربایجان داڕێژرابوو، بە هۆی ئەم ڕێکەوتننامەیەوە کوردستان بوو بە قەوارەیەکی سیاسی بەبێ بوونی بنەمایەکی یاسایی، هەروەها بوون بە کەمینەیەکی نەتەوەیی سەر بە ئازەربایجان، لە کاتێکدا پێشتر کەمینەیەکی نەتەوەیی بوون لە خاکێکی گەورەتردا، کە ئێران بوو، بەمەش هەر یەکە لە ئێران و سۆڤێت چارەنووسی کوردییان وابەستەی چارەنووسی ئازەربایجان کردبوو".(روزفلت،١٩٨٨: ٣٨-٣٩)


**سەرچاوەکان**

**بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراق – دار الکتب و الوثائق**

١- د. ك. و. الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٣١١/٤٩٥٣، الوثيقة رقم ٥٩، ص ١٠٦، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران، ١٩٤٦/١/١٤.

٢- د.ك . و. الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٣١١/٤٩٥٣، الوثيقة رقم ٧١، ص ١٢٨، تقرير القنصلية الملكية العراقية في تبريز، ١٩٤٦/١/١٠.

٣- د.ك.و، الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٣١١/٧٣٦. الوثيقة رقم ٣، ص ٤-٧. تقريه القنصلية الملكية العراقية في كرمنشاه بتاريخ ١٦ ايلول ١٩٤١.

٤- د . ك. و. الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٣١١/٤٩٥٣، الوثيقة رقم ١٧، ص ٢٢، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران، ١٩٤٥/٩/١٦.

٥- د.ك. و. الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٣١١/٤٩٥٣، الوثيقة رقم ٢٤، ص٤٩، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران، ١٩٤٥/١/١٢٩.

٦- د. ك. و. الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٣١١/٤٩٥٣، الوثيقة رقم ٦٦، ص ١١٥، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران، ١٩٤٦/٢/١٩.

٧- د.ك. و. الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٣١١/٧٣٧، الوثيقة رقم ٣٧، ص٣١١-٣١٢، كتاب المفوضية الملكية العراقية الى رئاسة ديوان الملكي، ١٩٤٦/٦/١٧.

**نامە و تێزە زانکۆییە بڵاونەکراوەکان**

٨- البحراني، امل عباس جبر، الاذربيجانيون و دورهم السياسي في ايران ١٩٠٥ – ١٩٤٦، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة المستنصرية، تشرين الاول ١٩٧٧.

٩- الاحبابي، نصيف جاسم عباس، العلاقات بين ايران و المانيا النازية ١٩٣٣ -١٩٤٥، رسالة ماجستير غير منشورة، قدمت الى مجلس كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩.

**کتێب**

**سەرچاوە کوردییەکان**


١٠- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، حکومەتی کوردستان(کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا)، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی – ٢٠٠٧.

١١- ئەمین، کاوە، ناسیونالیزمی کوردی.(خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەراوردێک لەنێوان سێ پارتی کوردیدا)، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٦.

١٢- باڵەکی، عومەر ، حیزبی دیموکرات و پرسی قانون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، کوردستان – ٢٠١٦.

١٣- برونسین، مارتین ڤان، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی – ١٩٩٩.

١٤- بورزوویی، موجتەبا، بارودۆخی سیاسی کوردستان، وەرگێڕانی: هوشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر – ٢٠٠٨.

١٥- دیشنەر، گوینتەر ، کورد گەلی لەخشتەبراوی زوڵملێکراو، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: عەبدولسەلام بەرواری، گۆڕینی بۆ کوردی: حەمە کەریم عارف، هەولێر – ٢٠٠٥.

١٦- گادانی، جەلیلی، پەنجا ساڵ خەبات. کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، هەولێر، ب.م.

١٧- مەلا عززەت، مەحمود، جەمهوریەتی کوردستان(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیە)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی -٢٠٠١.

١٨- مەحمود، عەبدوڵڵا کەریم، جەمهوریەتی کوردستان – شاکارێکی مەزن، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاری (ینک)، سلێمانی – ٢٠٠٦.

١٩- مەدەنی، حوسێنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، خاکەلێوەی ١٣٨٠ هەتاوی.

٢٠- هەورامی، ئەفراسیاو، پەیوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لە ساڵی ١٩٤٦ لە بەڵگە و سەرچاوەکاندا، چاپی یەکەم، دەزگا و چاپی سەردەم، سلێمانی – ٢٠٠٨.

٢١- هەورامی، ئەفراسیاو، کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا(بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکێتی سۆڤێت)، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی - ٢٠٠٦ .

٢٢- قاسملو، عبدالرحمن، کوردستان و کورد(لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابوورییە)، وەرگێڕانی: عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر – ٢٠٠٦.

٢٣- ڕەمەزانی، روح الله ج.، ئارچی ڕۆزڤڵتی کوڕ، د. فوئاد حەمەخورشید، ژیۆپۆلیتک و کۆماری کوردستانی دیموکرات ساڵی ١٩٤٦، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر – ٢٠١٢.

٢٤- ڕۆزڤڵت ئارچی، کۆماری مهاباد، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی – ١٩٨٨.

٢٥- سەردەشتی، یاسین (د.)، کوردستانی ئێران(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی -٢٠٠٣.

٢٦- سابیر، ڕەحیم، حکومەتی میللی کوردستان(لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و مێژووییە)، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی– ٢٠١١.

٢٧- سوڵتانی، ئەنوەر، کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی – ٢٠٠٥.

٢٨- یەرپە، یان (پرۆفیسۆر)، دابەشکردنی دەسەڵات لە ئێران، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: فایەق سەعید، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠٠٥.

**سەرچاوە فارسیەکان**

٢٩- اتابکی، تورج (د.)، آذربایجان در ایران معاصر، ترجمة: محمد کریم اشواق، چاپ اول، تهران – ١٣٧٦ ش.

٣٠- پسیان، نجف قولی، مرگ بود بازگشت هم بود، شرکت سهامی، چاپ اول، تهران – ١٣٢٧ش.

٣١- فولر، گراهام ، قبله عالم ژئوپلیتیک ایران، ترجمه: عباس مخبر، چاپ اول، تهران – ١٣٧٣ش.

٣٢- کینان، درک، کردها و کردستان، ترجمه: ابراهیم یونسی، انتشارات نگاه، بی. جا – ١٣٧٢ ش.

٣٣- مهدوی، عبدالرضا هوشنگ، سیاست خارجی ایران در دوران پهلوي ١٣٠٠ -١٣٥٧، چاپ سوم، تهران – ١٣٧٥ ش.

٣٤-.مهدی نیا، جعفر، زندگی سیاسی قوام السلطنة، چاپ دوم، تهران، تابستان – ١٣٦٦ش.

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

٣٥- الصباغ، سعيد، تاريخ ايران السياسي: جذور الفصول ١٩٠٠ – ١٩٤١، الطبعة الاولى، القاهرة – ٢٠٠٠.

٣٦- ايغلتن الابن، وليام، جمهورية مهاباد الكردية١٩٤٦، ترجمة و تعليق: جرجيس فتح الله، الطبعة الاولى، دار آراس للطباعة و النشر و منشورات الجمل، اربيل – ٢٠١٢.

٣٧- البكاء، طاهر خلف (د.)، التطورات الداخلية في ايران ١٩٤١-١٩٥١، الطبعة الاولى، بغداد -٢٠٠٢.

٣٨- الدوسكی، هوزان سليمان، جمهورية كردستان، دراسة تأريخية – سياسية، الطبعة الاولى، بيروت – ٢٠٠٦.

٣٩- عبدالرحمن، محمد كامل محمد، سياسة ايران الخارجية في عهد رضا شاه(١٩٢١ – ١٩٤٧)، مراجعة: د. كمال مظهر احمد، منشورات دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة – ١٩٨٨.

٤٠- روزفلت، ارجي، جمهورية مهاباد الكردية، ترجمة: ظاهر حمه طه، الطبعة الاولى، د. م. – ١٩٨٨..

٤١- رسول، فاضل (د.)، كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الاوسط، ترجمة عن المانية: غسان نعمان، مراجعة ماموستا جعفر، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، السليمانية – ٢٠٠٨.

٤٢- ولبر، دونالد، ايران (ماضيها و حاضرها)، ترجمة: الدكتور عبدالنعيم محمد حسين، الطبعة الثانية، دار الكتاب اللبناني – ١٩٨٥.

٤٣- ياسين، برهان الدين ابابكر ، كوردستان في سياسة القوى العظمى، ترجمة: هوراس، دهوک - ٢٠٠٢.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

44- Eshroghi, F. “Anglo – Soviet Occupation Of Iran In Iran August 1941”, In Middle Eastern Studies, vol 20, No 1, January 1984.

45- Ki, Lanczows George, Soviet Advances in The Middle East, Washington, 1972.

46- Skrine, Clarmant, World War in Iran. The making of Kurdish Identity, I. B. Tauris& Co Ltd, 6 Salem Road, London – 2011.

**گۆڤار و ڕۆژنامە**

٤٧- کوردستان(ڕۆژنامە)، ژمارە ٤٥، ساڵی یەکەم، چوارشەممە ١٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥.

٤٨- کوردستان(ڕۆژنامە)، ژمارە ٥٠، ساڵی یەکەم، دووشەممە ٦ی جۆزەردانی ١٩٤٦.

٤٩- آذربایجان(روزنامە)، شمارە(٧٩)، ٢٣ آذرماه ١٣٢٤ ش.